# کاریگەری پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا وعێراق لەسەرسەقامگیری ئاسایشی عێراق لە ماوەی ساڵانی(٢٠١١-٢٠٢٣)

ID No. 1182

(PP 211 - 241)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.21.34.11

پ.ی. د.چواس حسن رسول

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

chwas2002@gimal.com

م. ی. عمر علی رشید

کۆلێژی زانستە سیاسیەکان / زانکۆی سەلاحەدین

omar.rashid@su.edu.krd

وەرگـــــــرتن : 2023/04/26

پەسندکردن :22 /2023/06

بڵاوکردنەوە : 17 / 09 /2023

پوختە

سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق جەخت لەسەرسەقامگیری دەکاتەوە،لەوبارەیەوە هەولدەدات ئەو ململانێ ناوەخۆیانەی بوونیان هەیە کونترولیان بکات،تاوەکو عێراق لەدابەشبوون رزگاربکات لەلایەکی تریش رێگری لەدەستێوەردانە هەرێمیەکان بکات کەئەجنداتی جیاوازیان هەیە لەناوچەکەدا بەتایبەتی ئێران هەولی فراوانبوون هەژمونی خۆی دەدات لەناوچەکە، چونکە ئەمرۆکە عێراق بۆتە گۆرەپانێك بۆ ئوپراسیۆنەکانی،کاریگەری کردۆتەسەر دۆخی وولاتانی ناوچەکە بەتایبەتی سعودیە یەکێکە لەهاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا. سیاسەتی ئەمریکا لەسەردەمی هەرسێ سەرۆکایەتیەکە لەماوەی (2011-2023) بریتی بووە لەپشتگیری لەعێراقێکی دیموکراسی وسەقامگیرویەکگرتوو، دەیەوێت ببەستێتەوە بە وولاتانی هەرێمی کەهاوپەیمانی نزیکی ئەمریکان .

لەکاتی کشانەوەی ئەمریکا لە2011 بۆشایەکی ئاسایشی گەورە دروستبوو،بووە هۆی سەرهەلدانی ریکخراوی داعش ئەوەش دەرفەتی بەئێران بەخشی زیاتر هەژموونی خۆی لەناوچەکە وعێراق فراوان بکات لەئەنجامداکووشتنی قاسم سلێمانی وئەبومهدی مهندسی لێکەوتەوە لەبەرامبەردا هێزە نزیکەکانی لایەنگری ئێران لەپەرلەمانی عێراق بریاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکایاندا،ئەوەش ململانێیەکانی ئەمریکا وئێرانی زیاترکرد،ئەو ململانێیە لەناوگۆرەپانی عێراق نمایشکران، ئەمریکاتووشی کۆمەلێك ئاستەنگ بووەوە، ئەویش خزانی هێزی میلیشاچەکدارەکانی نزیك لەئێران بۆناوپرۆسەی سیاسی عێراق وبلاوبونەوەی گەندەلی ونەبوونی متمانەلەنێوان جەماوەروهێزە ئاسایشەکان،لایەنەکان دلسۆزیان بۆحزبی وتایفی بوو لەوەی رووبکەنە بەرنامەیەکی نیشتمانی. ئامانجی ئەمریکا ئەوەیەدەیەوێت عیراقێك جێبهێلێت کێشەی هەرێمی و نێودەولەتی بۆ ئەمریکا دروست نەکات لەناوچەکە سەقامگیریەکەی بەردەوام بێت چونکە ئایندەی عێراق بەندە بەسەقامگیری ئاسایشی تا ئەو دۆخە بەتەواوی چاك نەکریت رەنگە عێراق بەرەو شەری ناوەخۆی وتایفی هەنگاو بنێت، ئەگەرچی لەرابردوودا پەیمانامە نێودەولەتیەکان هۆکاربوون بۆدروستبوونی دەولەتی عێراق، بەلام ئەمجارەیان ململانێە ناوەخۆیەکان هۆکاری سەرەکین بۆدابەشبوون وهەلوەشانەوەی عێراق.

کلیلە ووشەکان: سەقامگیری سیاسی، شەری تائفی، ململانی سیاسی، پەیوەندییە نێودەولەتییەکان، دەستوەردان

## پێشەکی

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ئەمریکا ئەرك و بەرپرسیارەتێکی نێودەوڵەتی کەوتە ئەستۆ بەرامبەر ڕەوشی ئەمنی عێراق، بۆئەمە بودجەیەکی سەربازی گەورەی تەرخان کردووە وهەزاران سەربازی لەسەرخاکی عێراق هێشتووتەوە. بۆراگرتنی ئاسایش وسەقامگیری عێراق، سەقامگیری زۆر لایەن دەگرێتەوە(سیاسی،ئابوری،ئاسایش،کۆمەلایەتی..هتد)مەبەست لێرەدا سەقامگیرەئاسایشەکەیە هەوڵیدا دەست لەکاروباری سیاسیش وەربدات،لە هاوکێشەسیاسیە نێوخۆییەکان ئەجێندای خۆی بخاتەروو. لەدوای دەرچوونی بریاری پێکهێنانی حکومەتی کاتی عێراق لەلایەن ئەمریکاوهاوپەیمانان ودەرچوونی دەستوری هەمیشەیی بۆ عێراق،پاشانیش دامەزراندنی یەکەمین حکومەت دوای یەکەمین هەڵبژاردن لە عێراقی نوێدا،ئەرکی ئەمریکیەکانیش لەعێراق گۆرانکاری بەسەرداهات. تەنانەت دۆخی عێراقیش لەژێربەندی حەوت کۆتایی پێهات. بۆیە ئەمریکیەکان ئەم گۆرانی رۆڵەیان لەبەرچاوگرت،بۆمانەوەیان لەعێراق وپاراستنی بەژەوەندیەکانیان لە هەرەشەکان، پەنایان بۆرێکەوتنی ئاسایش وستراتیژی برد بۆئەوەی رەوایەتی بەمانەوەی هێزەکانیان بدەن وئامادەییەکی تەواویان هەبێت لە گۆرەپانی سیاسی.

ئەمریکا سیاسەت وئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە لەکۆی ناوچەکەدا،رێکەوتن وکردارەکانیشی لەسەر ئەو بنەمایە دارشتووە. لەدوای سەرهەلدانی داعش، ئەمریکا ستراتیژیەکەی زیاتر لەسەر ئاسایشی عێراق بووە،ویستویەتی عێراق سەقامگیربێت بەڵام لەدوای سەرکەوتن بەسەر داعشدا،سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا لە ناوچەکە گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، جۆرێك کەمتەرخەمی پێوەدیارە لەستراتیژییەکانیدا.

### گرنگی تویژینەوەکە:

گرنگیەکەی لەوەدایە بابەتی پەیوەندیەکانی ئەمریکاوعێراق کاریگەری لەسەرسەقامگیری ئاسایشی عێراق بابەتێکی هەستیارو گرنگە،پرسی سەقامگیری ناوچەکە بەگشتی وعیراق بەتایبەتی لەناو ستراتیژیەتی وولاتانی هەرێمی ونێودەولەتی بایەخێکی زۆری پێدەدرێت بووەتە پرسێکی سەرەکی لەناوسیاسەتی ئەو وولاتانە،بەحوکمی ئەوەی عێراق خاوەن گەورەترین بەرهەمهێنان و هەناردەکارو یەدەگی نەوتی جیهانیە ئەوەش بۆ سەقامگیری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا گرنگە.

### ئامانجی تویژینەوە: ئامانج لەم تویژینەوەیە:

-خستنەرووی رۆلی ئەمریکا لەهاوکاری ودابینکردنی سەقامگیری ئاسایشی عێراق و کونترولکردنی ململانێیەناوەخۆیەکان و شەری تایفی،رووبەرووبونەوەی شەری تیرۆردا

-باسکردنی سیاسەتی سەرۆکەکانی ئەمریکاو کشانەوەی هێزەکانیان لەوماوەیە لەدابینکردنی ئاسایش وکاریگەری لەسەر سەقامگیری ئاسایشی ناوەخۆیی عێراقدا.

-ئاماژە دان بەبوونی ئەمریکا لەعێراق لەچوارچێوەی ریکەوتنامەی ستراتیژی کاریگەری هەبووە لەسەر رەوشی سەقامگیری ئاسایش لەماوەی سالانی 2011-2023.

- خستنەرووی ئاستەنگ وئایندەی بەردەم پرۆسەی سەقامگیری ئاسایش لەعیراقدا وکاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی ئەمریکاو عێراق.

**کێشەی توێژینەوە:**

**بابەتی سەقامگیری ئاسایش بابەتێکی زۆرهەستیارە راستەوخۆ پەیوەندی بەئاسایشی نیشتمانی هەر وولاتێکەوە دەبێت سەرەرای لاوازبوونی سەروەری و زالبوونی دامودەزگاکانی ئاسایش بەسەرتەواوی هێزەچەکدارەکانی عێراق بەهۆی بوونی هاوسۆزیان بۆ وولاتانی هەرێمایەتی عێراق وئامادەبوونی میلیشای چەکداری لەدەرەوەی حکومەتی عێراقی.**

**پرسیاری توێژینەوە:**

**پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەوەی، ئایا ئامادەبوونی ئەمریکا لەعێراق چ کاریگەریەکی هەبووە لەسەر رەوشی ئاسایش وسەقامگیری عێراق لەنێوان ساڵانی2011-2023؟ بۆئەمە پێویستە چەند پرسیارێکی لاوەکی بکەین:سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق لەسەر چ بنەمایەك دارێژراوە؟رەوشی ململانێیەکانی نێوخۆیی عێراق چۆنە؟ هەڵویستی ئەمریکا بەرامبەر ئەم ململانێیانە چییە؟**

**گریمانەی توێژینەوە:**

**وەك وەڵامێك بۆپرسیاری توێژینەوە گریمانەی ئەوە دەکەین ئامادەبوونی ئەمریکا لەعێراق بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لەسەر ئاسایش وسەقامگیری عێراق هەبووە،بەشێوەیەك ئەمریکا پشتگیری سیاسی وسەربازی عێراقی کردووە بۆ رێگریکردن لەدابەش بوون ولێکهەڵوەشانەوەی عێراق لەلایەك، هاندانی لایەنەکان بۆ دوورکەوتنەوە لەئەگەرەکانی دروست بوونی جەنگی نێوخۆیی.**

**میتودی توێژینەوە:**

**ئەوتوێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنیایەتیە(qualititive) بەپشتبەستن بەبەکارهینانی میتودی شیکاری بۆشیکردنەوەی ئەورووداو وپێشهاتانەی لەناوچەکەدا روویانداوە. وەمیتودی وەسفی وەك وەسفێك بۆ وەسفکردنی پەیوەندیەکانی ئەمریکاوعێراق، تاچ ئاستێك رەنگدانەوەی لەسەر سەقامگیری ئاسایشی عێراق دەبێت لەماوەی سالانی 2011 بۆ2023. هەندیکجاریش پشت بەمیتودی(ئیستشراقیش)دەبەسترێت، لەگەل میتودی بەراوردکاری بۆ بەراوردکردنی سەردەمی چەند ئیدارەیەکی جیاواز لەحکومەتدا.**

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

**ئەو توێژینەوەیە خۆی لەپێشەکیەك وسێ باس ودەرئەنجام دەبینێتەوە، لەباسی یەکەمدا باس لە ململانی ناوەخۆیی وشەری تایفی لەعێراق دەکەین،لەباسی دووەمدا تیشك دەخەینەسەر شەری تیروروداعش لەعێراق، باسی سێیەم:رێکەوتنی ئەمریکاوعێراق وئالنگاری وئایندەی ئاسایش بەردەم پرۆسەی سیاسی عیراق ئاماژەپێ دەدەین بەهۆی کاریگەری ئەوپەیوەندیانە بەوشێوەیە:**

**باسی یەکەم:ململانێ ناوەخۆیەکانی عێراق:**

**دۆخی ململانێ ناوەخۆیەکانی عێراق یەکێکە لەو ململانی ئالۆزانەی لەماوەی رابردوودا چەندین پێشهاتی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە بووەتەهۆی کەمبونەوەی سەرچاوەکانی ناسەقامگیری سیاسی وئاسایشی وتێپەریوە بۆهەرەشە بۆسەر یەکگرتووی نیشتمانی(حسین،2020،صفحة207).دوای لەشکرکێشی ئەمریکا لە عێراق،دەستێوەردانی دەرەکی لەململانێی**

ناوەخۆی عێراقدا كاریگەری خراپی لەسەر سروشتی پەیوەندیەكانی عێراق لەگەل وولاتان هەبوو، لەلای خۆیەوە ئێران تێبینی ئەوەی كرد داگیركاری ئەمریكا بۆشایەكی ستراتیژی ئاسایشی وسیاسی وئابوری دروستكردووەو ئەوەش نیگەرانی تارانی لێكەوتەوە، بەهەرەشەیەكی زانی لەسنورداركردنی رۆلی لەناوچەكە،بەپێ بیرۆكەی ئێران سەقامگیری سیاسی عێراق پەیوەستە بەسەقامگیری هەموو وولاتانی ناوچەكە،لەگەل پەیدابوونی گروپەتیروریستەكان لەناویشاندا داعش،ئێران هاوكاری سەربازی پێشكەش عێراق كرد،چەك وراوێژكاری سەربازی بۆنارد،لەلایەكی تریش پشتیوانی هەندێك گروپی چەكداری كرد بۆئەوەی ئەمریكا لە عێراق سەرقال بكات بیر لە هێرشكردنە سەر ئیران نەكاتەوە،لەبەرامبەردا ئەمریكا ویستی رۆلی ئێران لەعێراق كەم بكاتەوە لە رێگەی وولاتانی هەرێمیەوە بە پالپشتیكردنی سونەكانی عێراق، لەوبارەیەوە بۆ جێبەجێكردنی ستراتیژیەكەی پێویستی بەسعودیە هەبوو، لەلایەكی تر نزیكبونەوەی ئەمریكا وسعودیە لەعبادی، لەدژی مالكی ولایەنگرانی ئیران لەعێراق،لە ئاماژەكانی رۆلی ئەمریكان،ئیدارەی ترامپ دەیویست عیراق پشت بەخۆی ببەستێت لەشەری تیرور وگیرانەوەی ئاسایش وبەهێزكردنی حكومەت وكەمكردنەوەی هەژمونی ئێران،لەروانگەی ئەمریكا سنورداركردنی ئێران لەعێراق پێویستی بەدروستكردنی سەقامگیری سیاسی وئاسایش هەیە. زالبوونی هێزەدەرەكیەكان وبەهێزبوونی هێزەمیلیشاكان وبوونی كاریگەری راستەوخۆی ئەمریكا وئێران لەگۆرەپانی سیاسی عێراقدا، وایكردووە دەرچوون بۆعێراق لەوتەنگژانە قورس بێت وكاریگەری بكاتەسەر پەیوەندیەكانی،ئەو باسە خۆی لەدوو داواكاری دەبینێتەوە،یەكەمیان تیشك دەخەینەسەر شەری تایفی،دووەمیان باسی هەژموونی ئێران وكاریگەری لەسەر ئاسایشی عێراق دەكەین بەوشێوەیەی خوارەوە:

**داواكراوی یەكەم:ململانێ وتوندوتیژی تایفەگەری:**

هۆكارەكانی توندرەوی لەعێراق سیاسی وئاسایش وئابوری وكۆمەلایەتی وكەلتوریە.هۆكاری ناوەخۆ ودەرەكی دەگرێتەوە (مهلهل،2021،صفحة272). لەم باسەدا هەولدەدەین جەخت لەسەر هۆكارەكانی توندرەوی لەعێراق بكەین بەوشێوەیە:

**لقی یەكەم: هۆكارەناوەخۆیەكان:**

ئەگەر پێشتر لایەنی دەرەكی وەك سایكس بیكو هۆكاربوون بۆ دابەشكردنی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست ئەوا ئێستا لایەنە ناوەخۆیەكان هۆكاری سەرەكین بۆدابەشبوونی ناوچەكە (سۆرانی،2021،صفحة10). ئەوهۆكارانەی بوونەهۆی سەرهەلدان وگەشەكردن وفراوانبونی توندرەوی لەناوەخۆی عێراق بریتین لەمانەی خوارەوە:

1-ئەو گێژاوانەی لەپرۆسەی سیاسیدا دەركەوت كاتێك هێزەسیاسیەكان زیاتر گرنگیان بەدەسەلات دەدا نەوەك دەولەت.

2-هەندێك لەئاراستەكانی پارتەسیاسیەكان فاكتەرێكی هاندەربوون لەسەر گەشەی توندرەوی.

3-ئەو رێگایانەی هەندیك لایەن گرتیانەبەر، لە شێوازەكانی تیروركردن وتەقینەوەی خۆكوژی لەدوای 2003،وەك رێبازیك زالبوون یان لەرووی سیاسیەوە پشتگیریان لێكرا.

4-لاوازبوونی یاسا بوەهۆی بەهێزبوونی رەوتی توندرەوی،دەولەت وەك قەوارەیەكی لاواز لەبەرچاوی هاولاتیان دەربكەوێت.

5-فاكتەرەكانی وەك ئاوارەبوون وخراپی دۆخی ئاسایش وگرژیەسیاسیەكان هەموو ئەوانە كاریگەریان هەبووپال بەخێزانەكانەوە بنێن تا مندالەكانیان نەنێرن بۆ قوتابخانە.

لەدوای 2003بەهۆی ئەوگۆرانكاریانەی لەعێراق هاتەكایەوە كۆنگرەی نیشتمانی كۆبونەوەی بەست بەبەشداری 1300ئەندام. ئەو كۆنگرەیە رووبەرووی دووقەیران بووەوە: یەكەمیان كشانەوەی هەندێك لەبەشداربوان لەو كۆنگرەیە

بەهۆی نارەزایەتی کارەکانی کوشتن لە نێوان هێزەکانی ئەمریکاوسوپای مەهدی لەشاری نەجف دووەمیان کاندیدکردنی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی راگوزەری لەسەربنەمای لیست ئەوەش بووەهۆی دوورخستنەوەی هێزە سیاسیە بچوکەکان وسەربەخۆکان لەکرداردا نایانتوانی لیست پێکبهێنن (دایش،بدون سنة،صفحة 192).

لەپێکهێنانی حکومەتی ڕاگوزەری عێراقی 2005کۆتایی بەدانوساندنی کۆنگرەی نیشتمانی هات ئەوانەی لەهەلبژاردنی کۆمەلەی نیشتمانی راگوزەری لە30-1-2005سەرکەوتن. حاجم حسینی بووە سەرۆك پەرلەمان وجلال تالەبانی سەرۆك کۆمارو ئیبراهیم جعفری سەرۆك وەزیران، ئەیاد علاوی بەشداری حکومەتەکەی نەکرد. حکومەتی ڕاگوزەری زۆرترین پشکی تائفی پێوەدیاربوو لەکاتی دابەشکردنی پۆستەکان،بنەمای کۆدەنگی گرتەبەر بۆ رازیکردنی زۆرترین ژمارەی کوتلە سیاسیەکان، بۆ رازیکردنی ئەمریکیەکان،ئەمەش بوەهۆی دوودلی عەرەبەسونەکان لەپرۆسەی سیاسی، ترس لەدەستبەسەرداگرتنی شیعە بەسەرتەواوی دەسەلاتەکان (کاظم 2018،الصفحات82-85).

خشتەی دابەشکردنی تایفی کابینەی حکومەتی ئیبراهیم جعفری

| تایفی نەتەوەیی | ژمارەی وەزارەتەکان | ریژەکەی |
|---|---|---|
| عەرەبی شیعە | 16 | 50 |
| کورد | 8 | 25 |
| عەربی سونە | 6 | 18.7 |
| مسیحیەکان | 1 | 3.1 |
| تورکمانەکان | 1 | 3.1 |
| تێکرا | 32 | 100 |

ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر:حسن لطيف الزبيدى، العراق والبحث عن المسقبل،مطبعة جاردينيا، بيروت،2008،ص214

جعفری لەپێکهێنانی حکومەتەکەی رێگری زۆری هاتەپێش لەوانە تێکچونی دۆخی سیاسی وئەمنی وناسەقامگیری سیاسی (جعفری،2008،صفحة 71). هۆکارەکانی تایفی لەعێراق لەدوای2003(جميل،2021،الصفحات417-423):

1- کارەساتی(ماسسە)تایفی:-دیمەنەکان بەسێ قۆناغ تێپەری دوای 2003،ئەوانیش لەکاتی پێکهینانی حکومەتی راگوزەری، ئەندامان لەسەر بنچینەی تایفی ئاینی ورەگەزی دابەشکرابوون،دووەمیان جۆریکی نوێ بوو لەسەربنچینەی تایفی حزبی دابەشکرابوون،سێیەمیان لەسەردەمی کابینەی حیدرعبادی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق لەسەربنچینەی پشکپشکێنەی تایفی تەکنوکرات ئەندامان دابەشکرابوون وسیاسی وتەکنوکرات بوو لە پۆستەکانی ناوحکومەت،سەرەتا دوای داگیرکاری بوو ئەمریکادەسەلاتی کاتی هاوپەیمانی دامەزراند لەوکاتەدا پول بریمەر ئەنجومەنی حوکمی ڕاگوزەری پێکهێنا لەسەر بنەمای ئاینی وتائفی دابەشکرابوون.

2-تایفی حزبی وەك ئاشکرایە سیستەمی حزبی لەعێراق دوای2003زۆرترین ژمارەی لێ بەدیارکەوت ئەویش لەسەرپشپشکینەی سیاسی بوو هەرحزبێك بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەبوو،ئەوەش لەبەرژەوەندی دۆخی ئاسایشی نەبوو.

3- پشکپشکێنەی تەکنوکرات جۆرێکی نوێ تائفی بوو،تەکنوکراتیش ئاماژەبوو بۆپێکهێنانی حوکمەتیکی تایبەتمەند لەکەسانێك،ئەزموون وشارەزایان هەیە لە هەموو بوارەکان، حوکمەتێك حزبی نەبێت ودووربێت لەپراکتیزەکردنی تایفی.

**4-کەوتنی دۆخی ئابوری: ئابوری عێراق بەبەردەوامی دەینالاند بەهۆی نەبوونی پلانێکی ئابوری ولاوازی ستراتیژیەت وپەرشوبلاوی سیاسەتەکان لەبەرێوەبردنی کاروباری ئابوری وکەرتەجیاوازەکاندا،ئەمەش رۆلی هەبوو لە لاوازبوونی بەشداریکردنی بەرهەمی ناوەخۆیی وگرنگدان بەکەرتی نەوت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بودجەی گشتی دەولەت.**

**5-لەباربردنی ناسنامەی نیشتمانی:قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی لەعێراقدا سەردەمێکی دوورودرێژی هەیەکە بۆ پاشا فەیسەلی یەکەم دەگەریتەوە،ئاماژەی پێدابوو،ووتبووی دلم پرەلەخەم هێشتا گەلیك لە عێراقدا هەیە بێبەشن لەبیرۆکەی نەتەوەیی. ئەو کێشەیە تائەمرۆش ماوەتەوە.**

**لقی دووەم: هۆکارەدەرەکیەکان: هۆکاری ناوەخۆیی، فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە نەبوو لەگەشەی توندرەوی، بەلکو هۆکاری دەرەکی خاوەنی رێبازی توندرەویە لە عێراقدا،ژینگەی دەرەکی جا ژینگەی هەرێمی یان نێودەولەتی بێت هانی گەشەی رەوتەتوندرەوەکان دەدا بۆ ئەوەی ئاسانکاریان بۆبکات (مهلهل،2021،صفحة 275).**

**لەلایەکی تر کونترولکردنی عێراق لەلایەن ئیرانەوە هەرەشە لە سەقامگیری سعودیە دەکات(مهلهل،2021،الصفحات83-84):**

**عێراق بوتە گۆرەپانێك بۆ ئۆپراسیونەکانی هێزەکانی ئیران، بەو پێیەی ئیران ئوپەراسیونە سیاسی وسەربازیەکانی لەتارانەوە بەرێوەدەبات،بەئامانجی کاریگەری لەسەر رووداو وپێشهاتەکانی عێراق، ئەو دۆخە کاریگەری لەسەرسەقامگیری سعودیە دەکات، نزیکبونەوەی سعودیە وئەمریکا لەعبادی لەدژی مالکی ولایەنگرانی ئیران لەعێراق لەئاماژەکانی ئەو گۆرانکاریانە بوون،ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژیەکەی دژی ئیران پێویستی بەسعودیایە(رحيم قادر،2017).ئەمریکا پێیوایە ئیران رێبەرایەتی تیرور دەکا لە ئاستی جیهان بەهۆی سودوەرگرتنی لە ناسەقامگیری ناوچەکە ئەویش بەمەبەستی زیادکردنی هەژمونی خۆی ئەویش لەرێگەی هاوپەیمان وهیزە نادەولەتیەکان بەنوێنەرایەتی شەری بۆدەکەن. وەلە لایەکی تر ئیران لەرێگەی توانا موشەکیەدرێژمەوداکانی وتوانا ناوەکیەکانی هەرەشە لەئاسایشی وولاتانی ناوچەکە دەکا. ئەمریکا پێداگری لەسەر بەهێزبونی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو وعێراق دەکاتەوە بۆ روبەرووبونەوەی مەترسیە تیروریستیەکان بەتایبەت رێگریکردن لەهەژمونی ئیران بەمەبەستی هاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا(رحيم قادر،2018).لەتەموزی2018 ترامپ نامەیەکی بۆ روحانی نارد گەمە بەئاگر نەکات،کوشتنی قاسم سلیمانی لەرێکەوتی 3-1-2020لەنزیك فرۆکەخانەی بەغدا،دیارترین بریاربوو ترامپ لەستراتیژیەکەی پەیرەوی کرد، وولاتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بەنیگەرانیەوە لەو دۆخەیان روانی ئیران رەنگە ببێتە هەرەشە بۆ سەریان (بابكەیی،2023،صفحة110).**

**لەسەردەمی سەرۆك وەزیرانی پێشوو مستەفا کازمی چوار گەری گفتوگۆی ستراتیژی نێوان ئەمریکا وعێراق ئەنجامدراوە جەخت لەسەر بەهێزبوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان کراوەتەوە، عێراق لەسەرئاستی هەرێمی رۆلی هاوسەنگ ببینێت ونەبێتە بەشێك لەسیاسەت وئەجنداتی ئیران لەناوچەکەدا. عێراق هەولەکانی چربکاتەوە تاسەروەری خۆی بپارێزێت ورێگەبگرێت لەدەستێوردانی دەرەکی بەتایبەتی ئیران. عێراق نەبێتە ترانزێتێك، ئیران بتوانی چەك ومیلیشاتەکان رەوانەی سوریاولوبنان بکات دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوهاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدابەکاریان بهێنێت. لەراگەیاندنی حکومەتی ئەمریکا ئاماژە بەوەدراوە،ئەمریکاپالپشتی عیراقێکی دیموکراسی وسەقامگیر ویەکگرتوو دەکات بەهەرێمی کوردستانیشەوە، دەبێت دامەزراوەسەربازیەکانی عێراق بەهێزبکرێن ودژایەتی گەندەلی بکرێت وعێراق ببەسترێتەوە بەوولاتانی عەرەبیەوە.**

**ڕۆلی لاوازی ئەمریکا لەعێراق وزۆربونی دەستێوەردان وفشارەکانی ئیران بووەهۆی شکستهێنانی حکومەتی زۆرینەو کشانەوەی سەدر لەپرۆسەی سیاسی لەئەنجامدا هاوکێشەکە بەلای ئیران داشکایەوە،ئەمەش بووەهۆی هەموو ئەو**

**هەنگاوانەی لەسەردەمی کازمی هاوێشتراون بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەل وولاتانی عەرەبی پێچەوانەبینەوە، تەنانەت گوشارەکان بینەهۆی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق (هیتوتی،2022).**

**ئەگەر دانوساندنەکانی لەسەر ڕێکەوتنامەی ناوەکی شکست بهێنێت ئەوا ئیران وەکو پێشووتر عێراق بەکاردەهێنێت بۆئەوەی کێشە بۆئەمریکاوهاوپەیمانەکانی لەناوچەکە دروست بکات،ئەوەش ئەنجامێکی باشی نابێت بۆ ئەمریکا ئەگەر ئاژاوەی سیاسی لەعێراق بەردەوامی هەبێت وحکومەتێکی بە وەکالەتی سەربەئیران دەسەلاتی هەبێت. ئەمریکا بەپێویستی دەزانێت عێراق ببێتەئەکتەرێکی گرنگی ناوچەکە،ئەمریکا خۆی بەپابەند دەزانێت بۆ پالپشتیکردنی ئاسایش وسەقامگیری عێراق و بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی و پەرەپێدانی لەسەر بنەمای ڕێکەوتنامەی چوارچێوەی ستراتیژی، لەرێگەی هاوکاری مرۆیی وپشتگیریکردنی سەقامگیری وهاوکاری ئابوری وهەولدان بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەلی وپاراستنی مافی مروڤ وبەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەولەت وزامنکردنی سەروەری وئاسایش(بابەکرمحمدb،2022).**

**سەرهەلدانی دیاردەی توندوتیژی تایفەگەری لەعێراق لەرووی هۆکارەدەرەکیەکانەوە بۆچەند فاکتەری گرنگ دەگەرێتەوە دیارترینیان:-1-رۆڵی هەژموونی ئێران بۆ هێشتنەوەی عێراقێکی لاواز بەلام بەمەرجێك لەژێر كۆنترۆڵی خۆیدابێت.**

**2-ڕۆڵی وڵاتەسوننەکانی وەکو سعودیەوئیمارات،ئەو دوو وولاتە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتگیری لەلایەنە سوننەکانی عێراق دەکەن، بەرانبەر ئەمەش قەتەر ڕۆل وپێگەی لەعێراق بەتایبەت لەرووی پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ بەشێك لەهێزەسوننەکانی عێراق.**

**3-تورکیاش تارادەیەك پێگە ورۆلی وکاریگەری هەیە لەعێراق،بەتایبەت لەرێگەی ئەو یارمەتیانەوە پێشکەشی هەندێك هێزی سوننەوتورکمانەکانی عێراق دەکات. بەتایبەت لەشارەکانی موسل وئەنبار.**

**4-ئەمریکاوهاوپەیمانانی. ئەوانیش ڕۆڵی سەرەکیان هەیەوهەبووە لەسەقامگیری عێراق.**

**داواکراوی دووەم: هەژمونی ئیران وکاریگەری لەسەر ئاسایشی عێراق: لقی یەکەم:دەستێوەردانی ئێران لەعێراق:-**

**ئەوەبوو دونالدترامپ سەرۆکی پێشووی ئەمریکا لەشوباتی2019لەوارشو خستیەروو، بەبێ ڕووبەروبونەوەی ئیران ناتوانرێت سەقامگیری رۆژهەلاتی ناوەراست دەستەبەر بکرێت، چونکە ئیران کاریگەری لەسەر عێراق وسوریاولوبنان ویەمەن هەیە لەرێگەی هاوپەیمانەکانیەوە شەری بەوەکالەت دەکات،کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەو وولاتانەوە هەیە.بەهۆی لاوازی ئەمریکا لەناوچەکە بەتایبەت عێراق،ئیدارەی ئوباما پێیوابوو کێشەی عێراق کێشەیەکی سەرەکی نیە،ئەو دەستێوەردانە رێگەی خۆشکرد بۆ گروپەتیروریستەکان هەرەشەلەهاوپەیمانەکانی ئەمریکا بکەن،لەلایەکی ترسیاسەتی ترامپ وایکرد لەسەرئاستی جیهان ئەمریکا رابەرایەتی خۆی لەدەست بدات لەپرسەکانی وەك دیموکراسی و مافی مرۆڤ وهاوکاری وولاتان(نیازی حمد،2021،الصفحات102-120). ئەمریکا هەست بەوەدەکات عێراق بەرەوزیاتر وولاتێکی شکستخواردوو بڕوات بۆیە پێویستە ئەمریکا لەجیاتی عێراق گرنگی زیاتربەسەقامگیری یەکێتی ئەوروپابدات لەدوای کشانەوەی هێزەکانی،چونکە پشتیوانیکردنی حکومەتی مالکی بۆهینانەدی سەقامگیری عێراق هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ئەوەش بەپاشەکشەیەکی گەورە بۆ سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا لەعێراق دادەنریت(shukre.2017،صفحة144). دەرکەوتنی رێکخراوی داعش لەسوریاوعێراق، وەبەهۆی دەرکەوتنی دوو زلهێزی جیهانی لەناوچەکە یەکێکیان وولاتی روسیایە لەرووی سەربازیەوە،ئەویتریان چینە لەرووی ئابوریەوە، ئەمریکا دەیەویت زیاتر گرنگی بەتوانا سەربازیەکانی بدات لەئاسیا بەهۆی ترسی هەژمونی چین لەوکیشوەردا(بابەکرمحمدb،2022).ئیران کاریگەری لەسەر رۆژهەلاتی ناوەراست فراوانتر بووە،بەتایبەتی لەدوای2003عێراق کەوتەژێر کونترولی ئێرانەوە ئەویش بەهۆی ناکۆکیەکانی**

**سعودیەوئەمریکا،ئالۆزبوونی دۆخی تورکیا هەستی بەلاوازکردنی کاریگەری ئەمریکا کرد هەولیدا سود لەو بۆشایە وەرگرێت لەدوای بەهاری عەرەبی سەریهەلدا(سالح،2020،الصفحات149-151).**

**حیدرعبادی لەسەردانێکدا بۆ ئیران لەرێکەوتی20-6-2017،حسن روحانی سەرۆکی کۆماری پێشووی ئێران رایگەیاند ئەو سەردانە ببێتە زیادبونی هاوکاری دوانی لەهەموو بوارەکان،عێراق وولاتێکی گرنگە لەناوچەکە رۆلێکی گەورەی دەبێت لەهێنانەدی سەقامگیروچارەسەری ئاشتی،پاشان علی خامنی رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران پێشوازی لەعادل عبدالمهدی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق کرد،روحانی لەو دانیشتنە ئامادەبوو خامەنەیی رایگەیاندپەیوەندیەکانی عێراق وئیران پەیوەندیەکی دوودەولەتی دراوسێ فراوانە لەسەر عێراقە کاربکات بۆ دەرچونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق. لەدوایدا روحانی لە11-3-2019سەردانی عێراقی کرد تەهران وبەغدا لەوسەردانیە ژمارەیەکی گەورە لە رێکەوتنەکانیان مۆرکردوە یاداشتی لێکتێگەیشتن تایبەت بەبەرزبونەوەی ئالوگۆری بازرگانی وئابوری لەنێوان ئەو دوو وولاتەوە پتەوکردنی پالپشتی ئیران لەناردنی وزەی کارەباوئاسانکردنی چونەناوەوەی هاوولاتی هەردوولا وکرانەوەی سنورەکان وکردنەوی کارگەی گەورە لەلایەن تەهرانەوە لەپارێزگاکانی عێراق وپالپشتی حکومەتی عێراق بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژێرخان وپالپشتی عێراق لەرێکخراوەهەرێمیەکان وئیسلامیەکان،ئەو سەردانانە هەمووی لەچوارچێوەی ئەوەهات عێراق بەشێك نیە لەململانێکانی ناوچەکە،سیاسەتی دراوسێیەتی باش دەگرێتەبەر دەیەوێت پەیوەندی لەگەل هەمووان باش بێت ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندیەکانی ئەمریکاوعیراق.**

**لقی دووەم:-شێوازەکانی هاوکاری ئاسایشی نێوان عێراق وئیران:-ئیران تێبینی ئەوەی کرد داگیرکاری ئەمریکا بۆشایەکی ستراتیژی ئاسایشی وسیاسی وئابوری دروستکرد ئەمەش نیگەرانی تارانی لێکەوتەوە ئەو بۆشایە بەهەرەشەیەکی دادەنا بۆ سەر ئاسایشی خۆی،سنوردارکردنی رۆلی هەرێمی لەناوچەکەدا،بۆیە ئیران بریاریدا پالپشتی سیاسی وئاسایشی عێراق بکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی گروپەتیروریستەکان هەندێك پارێزگای عێراقیان کەوتەدەست لەسالی 2014 بەپێی بیرۆکەی ئەوەی سەقامگیری سیاسی وئاسایشی عێراق سەقامگیریە بۆ هەموو وولاتانی ناوچەکە. دوای دەستبەسەرداگرتنی داعش بەسەر باکوری عێراق،هەریەکە لەوەزارەتی بەرگری عێراق وئیران رێکەوتنی هاریکاری بەرگری سەربازیان مورکرد لە 23-7-2017،ئەو رێکەوتنە پتەوبوونی هاریکاری سەربازی وبەرگری لەخۆگرت بۆ دژایەتی تیرورلەگەل جەختکردن لەسەر توندوتولکردنی سنورەکان بەهاوبەشی،لەگەل ئەوەشدا ئیران پالپشتی ستراتیژی وزانیاری وتەکنیکی پێشکەش عێراق کرد(سعید،2021،الصفحات64-70) .**

**لقی سێیەم:-گونجانی ژینگەیی عێراقی بۆ هەژموونی ئیرانی: ئیران لەسالی 2003 رۆلی ئەکتەری سەرەکی لەکارلێکەکانی گۆرەپانی عێراقدا لەئاستەجیاوازەکاندا گیراوە، رۆلێکی کاریگەر دەبینێت، رۆلێك بەهۆی بەدیهێنانی گرنگی ستراتیژیەوە هەولی پاراستنی بەردەوامی داوە لەعێراق وەك دەروازەی رۆژهەلات بۆجیهانی عەرەبی بۆجێبەجێکردنی پرۆژەی فراوانبوونی لەناوچەکەدا ئەو رۆلە فرەرەهەندە سیاسی،ئاسایشی،کۆمەلایەتی،وکەلتوری وئابوری لەخۆدەگرێت،ئیران بەوشێوەیە نەدەگەیشت ئەگەر ئەوژینگەی نەبوایە(مرنیز،2016،صفحة59).**

**یەکەم:ژینگەی سیاسی وئاسایشی: ئەو دۆخە سیاسی وئاسایشەی عێراق پێدارۆیشت لەدوای داگیرکاری ئەمریکا تائەمرۆ وەئەو ئاژاوە ئاسایش وناسەقامیگریە،عێراق لەسالی2014تووشی بووە،هەلومەرجێکی لەباری دروستکردوپالنەرێکی بەهێزی بەئیران بەخشی بۆ چەسپاندنی هەژمونی لەرێگەی دوو قۆناغەوە(فارس،2019،صفحة 69):**

**1-بۆشایی سیاسی دوای داگیرکاری: یەکەم دەرفەتی بەئیراندا بۆ درێژبونەوەی هەژمونی،ئەمریکا رۆلێکی کارای هەبوو لە بوونی ئیران لەعێراقدا، هەر وەکو ئیران بەهەموو هێزێکەوە هەماهەنگ بوو لەگەل ئەوداگیرکاریە.**

2-دەرفەتی شەری دژبەداعش: لەئەنجامی ئەوقەیرانە ئاسایشە هات عێراق لە 10-6-2014بەسەریهات ژمارەیەك پارێزگای لەدەستدا.ڕۆڵی ئیران لەوقۆناغەدا شێوازێکی یەکلاکەرەوەی بینی لەوجەنگەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی فرۆشتنی چەك وتەقەمەنی بەعێراق ودابینکردنی زانیاری هەوالگری وبەرەنگاربونەوەی تیرور .

دووەم:- ژینگەی تایفی لەناو پێکهاتەی دەولەتی عێراق:دروستبوونی تایفی لەعێراق دەرفەتێکی بۆئیران ڕەخساندوە چاوی لەکونترولکردنی عێراقە، ئەمە بەژینگەیەکی گونجاو دەزانێت بۆئەوەی ڕاستەوخۆ دەستێوەردان لەپێکهێنانی حکومەتەکانی لایەنگری بکات بۆجێبەجێکردنی ئەجنداتەکانی(ابوشریعة،2017،صفحة108).

لقی چوارەم:بوارەکانی هەژمونی ئیران لەعێراق: لەرووی ئاسایشی وسیاسی(فارس،2019،الصفحات72-73-74-75): پێکهاتەی تایفی لەعێراق هاندەربووە لەرەخساندنی دەرفەتێك بۆ ئیران چاوی لەکونترولکردنی هەیە،بەدەستێوەردان لە پێکهاتەی حوکمەتەلایەنگرەکانی لەسەر بنەمای کارنامەکانی دامەزراوە ناوەندەکانی بریاردان ئاسانکاری بۆدەکا بۆئەوەی کاریگەریان هەبێت لەسەر ڕووداو وپێشهاتەکانی ئێستاوئەوسیاسەتانەی لەعێراق گیراوەتەبەر لەسەرەتای پرۆسەی سیاسی 2003لەلایەن حزبی دەعوە وئەنجومەنی بالا کونترلکرابوو تادوای هەلبژاردنەکانی 2018سەرۆك وەزیران لایەنگری ئیران لەلایەن جعفری ومالکی وعبادی وعادل عبدالمهدی، ئیران بەردەوام کاری بۆ ناسەقامگیرکردنی دۆخی سیاسی دەکا، ئەمەش وایکردوە حوکمەتەکانی عێراق لاوازبن،چونکە تا ئەو حوکمەتانە لاوازبن زیاتر پێویستیان بەئیرانە(ابوشریعة،2017،صفحة 116).

رۆلی سوپای قدس بریتی بوو لەراهینانی میلیشاشیعەکان وەك حزب اللەی عێراقی وگروپەکانی لایەنگری سەدروسوپای مەهدی بەئامانجی گرگرتنی شەری تایفی ودروستکردنی ئاژاوەی رێکخراو بەئامانجی لەناوبردنی هێزەداگیرکارەکانی لەزلکاوی عێراق لەلایەك وکارانەکردنی سەقامگیری ئاسایشی لەعێراق لەلایەکی ترەوە.

دەزگای هەوالگری ئیران دەستیان هەبووە لەناوبردن وتیرورکردنی ئەوکادیرەسەربازیەتەکنەلوژیەبەرزانەی عێراق بەتایبەت ئەوانەی سەر بەهێزی ئاسمانی وموشەکیەکان وزانایان وشارەزایانی پیشەسازی سەربازی بوون. بەرپرسی دۆسیەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی مجاهیدی خلق مەزەندە دەکات ئیران 32هەزار کارمەندی هەوالگری لەناوەخۆی عێراق هەیەو لەوێ سەرپەرشتی کردنەوەی نوسینگەکانی ئیران دەکەن،زیاتر لە70هەزار گەنجی عێراقی بۆلای خۆی راکێشاوە، هەرکەسێك پەیوەندیان پێوەدەکات پارەی پێدەدا دەکاتە1000دولار لەگەل پێشەکیەکی 2000دولار، ومووچەی11740میلیشای رێکخراوی بەدر بەسەرۆکایەتی هادی عامری سەر بەئەنجومەنی بالای ئیسلامی دەدا، ئەو میلیشایە پراکتیزەکردنی تیروروکوشتن لەسەر ناسنامە بەپشتیوانی ئیران ودواتر زۆرێك لەچەکدارانی تێکەلکرد لەهێزە عێراقیەکان لەسالی2009(فارس،2019،صفحة 74).

لەسالی2012 رێکخراوی بەدر لەئەنجومەنی بالای ئیسلامی جیابوەوە ودوای کەوتنی موسل لەلایەن داعش، وێنەی ئەو رێکخراوە سیاسیەلە ئاستی ناوەخۆیدا دەرکەوت لەسالی 2015 هادی عامری بوو بەیەکێك لەوێنەکانی هاوپەیمانانی ئێران تاسالی2017 بوو بەوەزیری ناوەخو واتا لەتاوانبارێکی تایفی بۆ وەزیری ناوەخۆ(فارس،2019،صفحة75).

لقی پینجەم:-رۆلی ئیران لەشەری داعش:- ئیران قۆناغێکی نوێ بەخۆیەوە بینی کاتێك شێوازێکی ئاسایشی یەکلاکەرەوەی لەشەری داعشدا گرتەبەر لەرێگەی ئامادەبوونی راستەوخۆی ئەفسەر وپسپور وهێزەکانی لەعێراقدا. فرۆشتنی کەرەستەی سەربازی وپێدانی زانیاری هەوالگری بەهێزەکانی عێراق،دەستنیشانکردنی قاسم سلیمانی وەك راوێژکاری سەربازی حکومەت(فارس،2019،صفحة113).

**یەکەم:-ڕەههەندەکانی دەستێوەردانی ئیران لە عێراق بۆ شەری داعش (الظاهر،2017):- 1- ڕەههەندی ئایدولۆژی وتائفی:- ئیران وەك بیانویەك بۆ دەستێوەردانەکانی لەپاڵ حکومەتی عێراقی لایەنگر بۆ شەری دژبەداعش بەبیانوی پاراستنی شوێنەشیعەکان داایینکراون.**

**2-بەکارهێنانی شەری تیرور، بە بەرگێکی نێودەوڵەتی بێوێنە جێگەی خۆی بەکۆمەلکوژی سونەکان بەخشی.**

**3-تەحدای ئاسایشی بۆ حکومەتی عێراق، داعش نوێنەرایەتی دەکات بێتوانایی لە نەهێشتنی داعش، ئەمەش پێویستی بەپشتیوانکردنی ئیران بوو.**

**دووەم:-پێشبینی هەژمونی ئیران لەعێراق: هەژمونی ئیران لەعێراق لەسەرچەند ئاستێکدایە(کریم محمد،2020،صفحة 154):-**

**لەسەر ئاستی سیاسی: بەهۆی پەیوەندی پتەوی لەگەل هەندێك هێز وکەسایەتیەسیاسیەکانی عێراق، ئیران سەرکەوتوو بووە لەسەپاندنی هەژمونی خۆی بەسەر بریاری سیاسی عێراقدا.**

**لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە:کونترولکردنی ئیران بەسەر رەوتەکانی عێراقدا سەبارەت بەپرسەناوچەیەکان،ئەمەش لەپرسی رەهای رژێمی سوریاداوە پشتیوان لەحوسیەکانی یەمەن،عێراق یەکەم وولاتی عەرەبی بوو دان بەئەنجومەنی سیاسی حوسیەکان بنێت.**

**لەسەر ئاستی ئەمنی: لەشەری داعش دەرفەتێکی بەنرخی بۆ چەسپاندنی کاریگەریەئاسایشەکەی دۆزیەوە، بۆیە پالی بەو رێکخراوە جەماوەریەوەنا،سەرکردەکانی هاوسۆزی ئیرانن وبیرۆکەی ولایەتی فقهی دادەنرێت، بەتایبەت دوای سەرکەوتنی دژی داعش،هێزەکانی دژەداعش بونەتە بەشێك لەخزمەتگوزاریەئاسایشەکان وزۆرێك لەسەرکردەکان چونەتەناو هەلبژاردنەکانی رابردووی 2018،کاریگەری ئیران لەعێراقدا بەهێزتر وچەسپاندنی دەکات وبەردەوامیەکەی درێژتردەکاتەوە.**

**لەسەر ئاستی ئابوری: ئیران رۆلیکی سەرەکی دەبینی لەئابوری عیراقدا،چونکە هەولیداوە بچێتەناو کەرتەجۆربەجۆرەکانی ئابوری وپیشەسازی وەبەرهینان وکەرتەکانی گەشتیاری ئاینی وبازرگانی،ئاسانکاری بۆپێدانی ڤیزابەکاسبکاران و وەبەرهێنەرانی ئیرانی توانی ببێتە یەکەم هاوبەشی بازرگانی، لەلایەکی تر پەیوەندیەکانی هاوکاری ئابوری لەگەل هەرێمی کوردستان فراوانتر کرد وناوچەی بازرگانی ئازادی لەگەل دامەزراند.**

**لەسەر ئاستی ئاینی:لەدوای 2003 وئیران توانیوەتی ئایدولوژی شیعە لەناوەخۆی بلاوبکاتەوە لەجێبەجێکردنی پرەنسیپی هەناردەکردنی شۆرشدا،بەوپێیەی ئیران هەلومەرجی ئابوری وئاسایشی وسیاسی وفەرهەنگی قوستەوە بۆ بەرەو پێشبردنی مەزهەبی شیعە تارادەیەکی زۆر،لەکاتێکدا بەتوندی شەری لەگەل مەزهەبەکانی سونەدەکرد، ئەمەش دەسەلات وکونترولکردنی تاکەکانی شیعە بەئاراستەی ئیران لەسەر مەزارگەکانی ئاینی بێ وێنە زیادی کرد.**

**ترامپ لەرۆژی 8-5-2018لەمیانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەفەرمی بریاری کشانەوەی لەرێکەوتنی ناوەکی ئیراندا. بەشێك لەوولاتانی ناوچەکە هاوشانی ئیسرائیل پێشوازیان لەوبریارەنوێیەی ئەمریکاکرد، لەوانەش سعودیەوبحرین و ئیمارات بوون، بەبروای سعودیەکان،ئیرانیەکان هەلگرتنی سزا ئابوریەکانیان قۆستوتەوە بۆئەوەی دووبارە دەستێوەردانەکانیان لەناوچەکەدا فروانتربکەن وئاشتی وئاسایشی ناوچەکە تێك بدەن(عزەم،2022،الصفحات7-8).سعودیە بیری لەوە دەکردەوە بوونی ئەمریکا لەعێراق رێگری لەفراوانبونی سیاسی ئیران دەگرێت (بابکەیی،2023،صفحة 109).لەروانگەی ئەمریکا سنوردارکردنی دەسەلاتی ئیران لەعێراق بەگشتی پێویستی بەدروستکردنی سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی لەعێراقدا هەیە.**

**باسی دووەم:- شەری تیرور و داعش لەعێراقدا:-**

**دوای فراوانبوونی ئوپراسیونەتیروریستیەکان وبلاوبوونەوەیان لەناوچەجیاجیاکانی جیهان، فرەیی ریکخراوە تیروریستیەکان لەناوچەجوگرافیەتازەکان بەتایبەتی رۆژهەلاتی ناوەراست لەخۆگرتبوو لەوانەعێراق بەتایبەتی دوای سەرهەلدانی ریکخراویکی نوی بەداعش ناسرابوو هیرشی کردەسەر عێراق بوونی خۆی بەسەر سەپاند کۆمەلگەی عیراق و نێودەولەتی و تەنانەت ئەمریکاش هەستیان بەمەترسی ئەورێکخراوە کرد، ئەوەبوو بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەوریکخراوە هەموو ئامرازە سیاسی وئابوری وسەربازی وکۆمەلایەتی وکەلتوریەکانیان بەکارهێنا بەئامانجی نەهێشتنی ئەو ریکخراوە،بۆ رێگریکردن لەسەرهەلدانی هەر رێکخراوێکی تیروریستی لەژێر ناوی نوێدا لەداهاتوودا، جگەلەوەش رۆلی فاکتەری دەرەکی لەبریاری هەلگیرسانی شەردژی داعش، وەك لایەنە دەرەکیەکان کاریان کرد بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی سەربازی نێودەولەتی، وەئەمریکاوولاتانی هاوپەیمانان بەلێنیاندا پالپشتی عێراق بکەن لەشەری دژی تیرور،بۆ ئەومەبەستە چەند کۆبونەوە وکونفراس بەرێوەچوو، بریاری نێودەولەتی درا بۆپشتگیرکردنی عێراق لەشەری دژی تیرور(الياسري،2021صفحة 142).لەوباسەدا هەولدەدەین دابەشی سەر چوار داواکراو بکەین،لەیەکەم تیشك دەخەینەسەر هۆکار وپالنەرەکانی پشت سەرهەلدانی دیاردەی تیرور لەعێراق، لەدووەم باسی رۆلی ئەمریکا لەئاستی هاوپەیمانی نێودەولەتیدادەکەین، لەسێیەم ئاستی بەشداری راستەوخۆی ئەمریکا لەمەیدانی شەر پەیوەست بەرۆلی سەرۆکەکانی ئەمریکا روونەدەکەینەوە،لەچوارەم رۆلی ئەمریکا لەهاریکاریەمادی ولوجستیەکانی بۆدەولەتی عێراق لەوشەردا دەخەینەروو بەوشێوەیە:**

**داواکراوی یەکەم:- فاکتەر وپالنەرەکانی پشت سەرهەلدانی دیاردەی تیرۆر لە عێراق:-**

**لەدوای روخانی رژیمی عیراق لەلایەن ئەمریکاوهاوپەیمانان لە9-4-2003 دەکریت سەرهەلدانی دیاریدەی تیرۆر لەعێراق پولین بکرێت بۆ دووگروپ یەکەمیان: هۆکارەناوەخۆیەکانن، لەلایەن دەزگاکانی کۆمەلایەتیەوە نوێنەرایەتی دەکرێن ئەویش پەروەردەکردنی کۆمەلگاکان دەگرێتەوە، خۆی لەبنەمالە وقوتابخانە وزانکۆ وشوێنەئاینەکان ومیدیا ولایەنە سیاسیەکان وریکخراوەکومەلایەتیەکان دەبینێتەوە،یەکێك بوون لەهۆکارەسیاسیەکانی پشت بلاوبونەوەی ئوپەراسیونە تیروریستەکان لەعیراق چونکە بلاوبوونەوەی توندتیژی لەکۆمەلگای عێراقدا بوونی کەموکوریەکە لەپەروەردەکردنیدا(جواد،2011،صفحة132).دووەمیان:ناکرێت نکولی لەهۆکار وپالنەرەدەرەکیەکانی پشت ئوپراسیونەکانی تیرورلەدوای 2003 بکرێت،عیراق لەلایەن هەندیك وولاتەوە گەمارودراوە پەیرەوی رێبازی دیموکراسی ناکەن،لەچوارچیوەی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراست لەلایەن ئەمریکاوە راگەینراوە. هەریەکە لەوولاتانی دراوسی عیراق هەولدەدات خۆی لەزیانەکانی بەدووربگریت بەریگەی جۆراوجۆر،یەکیك لەو ریگایانە ریگەدان بوو بەتیروریستان بۆ دزەکردنی ناوخاکی عیراق، دابینکردنی بەچەك وپارە بۆ تیروریستان بۆ بەئامانجگرتنی تەواوی پرۆژەی سیاسی عیراق،بەوپێیەی ستراتیژیەکی روونی نیە بۆ بەرەنگابونەوەی تیرور ئەمەش وایکردوە ببێتە قوربانی گەشەی بزوتنەوە توندرەوەکان، عیراق خاوەنی کۆمەلگایەکی ئالۆزە، لەلایەن کۆمەلێك ناسنامەی نەتەوەیی وئاینی وتایفی ورەگەزی بەرێوەدەبرێت(کاظم 2018،صفحة189).**

**لقی یەکەم:-ئەو فاکتەر وپالنەرانەی دەبنەهۆی توندوتیژی وتیرور لەعێراق:-یەکەم داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق، دووەم:هۆکاری فکری: جیهانی ئیسلامی بەگشتی وعێراق بەتایبەتی ئەمرۆ بەدەست دابەشبوونی ئایدۆلۆژی لەنێوان رەوتەجیاوازەکانەوە دەنالێنێت وگرنگترین ئەو رەوتانە،علمانی وئاینی دژایەتی یەکتردەکەن،لەلایەکی تر هێزەسیاسیە ئوپوسیونەکانی عێراقن جاسونە یان شیعە یان کوردبن ئامانجیان بەدیهینانی بەرژەوەندی تایفی ونەتەوەیی ورەگەزی**

خۆیەتی زیاتر نوێنەرایەتی ناسنامەی خۆیان دەکەن لەوەی نوێنەرایەتی ناسنامەیەکی نیشتمانی بکەن،سێیەم:هۆکارە سیاسیەکان: ئەوانەی دەبیتەهۆی توندوتیژی یان تیروری نێودەولەتی بۆ هاولاتیان یان تایفیەکی دیاریکراو لەسەر حیسابی تایفیەکی تر لە ڕەگەزوئاین وزمان وتایفە لەگەلیان ناکۆکن وایلێدەکات دەسەلاتی خۆی بەکاربهێنێت بۆ سەرکوتکردنی پێچەوانەکەی.چوارەم هۆکارە ئابوری وکۆمەلایەتیەکان:کەمبونەوەی داهاتی تاکەکەس وبێکاری ودابەشکردنی نادادپەروەری لەسەروەت و سامان ودەسەلات وئیمتیازات ونەبوونی داد لەپەرەپێدانی ئابوری وجیاوازی ئاستی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە وخزمەتگوزاری بۆ ڕاکیشانی دانیشتوان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەپالنەرەکانی توندوتیژی وتیرورن، کۆمەلگەی عیراقی فرەنەتەوە وتایفەیە،کێشەلەفرەیی نیە بەلکو لەسیاسەتی فرەیە وایکرد متمانە نەمینێت لەنێوان پێکهاتەکان.(منديل،2021،الصفحات383-384-386).

لەگرنگترین ئەو فاکتەرانەی یارمەتیدەر بوون لەسەرهەلدان وفراوانبونی ڕێکخراوەکە:یەکەم:ڕێکخراوەکەسودی لەهەستی نارەزایەتی عەرەبەسونەکان وەرگرت،دووەم:دۆخی ناسەقامگیری وبێمتمانەیی یەکتری نێوان دانیشتوانی سونە وهێزەئەمنیەکانی عێراق لەناوچەسونەکان،سێیەم:پراکتیزەکردنی تایفەکانی حکومەتەیەك لەدوای یەکەکان پەیرەوی لەپەراوێزخستنی سونەکانی عێراق دەکرد(فارس،2019،صفحة110).

لقی دووەم:-فاکتەرەکانی کەوتنی شاری موسل(البدراني،2017،صفحة77):-

1-بوونی قەیرانی سەرکردەی سیاسی هوشیار وبوونی قەیرانی متمانە لەنێوان دەسەلاتداروحوکمین.

2-بوونی ناکۆکی ئیداری لەنێوان حکومەتی خۆجیی ومەرکەزی لەئەنجامدا خراپ بەڕێوەبردنی ئەو پارێزگایەی لێکەوتەوە.

3-گەشەسەندنی تایفەگری سیاسی لەناوپارێزگادا،لەسەرحیسابی هاولاتیبون،گۆرینی ناکۆکی سیاسی بۆ ناکۆکی سەرشەقام.

4-نەبونی ستراتیژی سەربازی وپشتبەستن بەتوقاندن لەڕێگای دەستگیرکردنی هەرەمەکی وتسفیاتی سیاسی.

5-ناکۆکی سیاسی گەیشتەئاستی پالپشتیکردنی تیرور بۆ دەربازبوون لەو دوژمندارێە .

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافی نێودەولەتی دیاردەی گەندەلی ورۆلی سیاسی حزب لەناوسوپا وەك یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی دروستبوونی داعش و هەرەسهێنانی سوپای عێراق لەموسل دادەنرێت(محمد حسين،2020،صفحة9).

سەرکردەی گروپی داعش ئەبوبکربغدادی ولایەنگرەکانی دۆخی ناسەقامگیری سیاسی وئەمنی سوریاوعێراقیان قۆستەوە وخەلافەتی ئیسلامیان لەسالی2014لەبەشێکی فراوانی خاکی هەردوو وولات ڕاگەیاند وخۆیان بەفریادرەسی دانیشتوانی عەرەبی سونەی عێراق وسوریا نیشاندا. گروپی تیروریستی داعش گروپێکی سەلەفی جیهادیە، باوەڕیانوایە ململانی چەکداری ڕێگای سەرەکی گەرانەوەیە بۆسەردەمی حوکمرانی خلافەت ویەکخستنی ئومەی ئیسلامی لەسەر فەرمانرەوایەتی یەك خەلیفەدا. ئامانجی سەرەکی گروپەتیروریستەجیهادیەکان دەیانەوێت دروستی بکەن لەچوارچێوەی خەلافەتدا دەبێتە جێگرەوەی ئێستای سیستەمی وولاتان(دەولەت نەتەوەیی) بەبوچونی گروپە تیروریستەکان وولاتانی موسلمان (دارالسلام) دووبارە دەبێتە شوێنگەی موسلمانان،دواتر خەلافەت فراوان دەبێت بۆ پارچەکانی تری جیهان لەوانەش وولاتانی ڕۆژئاوا جیهادیەکان بە(دار الحرب) دەیناسێنن بۆ جێگرتنەوەی سیستەمی حکومرانی ئێستای ئەو وولاتانە (عبدالله،2022، صفحة6). پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بکرێت دروستبوونی ئەو خەلافەتە لە عیراق کاریگەریەکی زۆری کردەسەر بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا، هەرەشەی لەئاسایشی نەتەوەیی دەکرد بەوەی بەرژەوەندیەکی زۆری سیاسی

وئابوری وسەربازی وئاسایشی لەعیراق هەیە ،گەورەترین بالوێزخانە وژمارەیەکی بەرچاو لەکومپانیاکانی ئەمریکا لەعێراق کاردەکەن لەگشت بوارەکان لەناونیشاندا نەوت، ئەوەش وایکرد لەپشت عیراق بوەستێت تا لەڕووخان بیپارێزێت .

**داواکراوی دووەم:- ڕەهەندە دەرەکیەکانی بریاری جەنگ دژی تیرۆر(لەئاستی هاوپەیمانی نێودەولەتی):-**

**لقی یەکەم:-هاوپەیمانی نیودەولەتی بەسەرۆکایەتی ئەمریکا رۆلی لەو جەنگە:فرەیی هێزەکانی داعش وکونترلکردنی ناوچەیەکی بەرفراوان،بەهۆی حیساباتی سیاسی ئەکتەرەجیاوازە ناوەخۆیی وهەرێمی ونێودەولەتیەکان دوای شکستی هێزە ئەمنیەناوەخۆیەکانی عێراق لەرووبەرووبونەوەیان وسنوردارکردنی هەژمونیان، لەسەر داواکاری حکومەتی عێراقی،ئەمریکا ناچاربوو بگەرێتەوە بۆ دەستێوەردانی سەربازی لەعێراق،دوای ئەوەی ئەو رێکخراوە رۆژنامەنوسانی ئەمریکی لەسێدارەدا، ئەو دەستێوەردانە لەلایەن زۆربەی زلهیزەهەرێمیەکانەوە پێشوازی لێکرا، هەولیاندا خۆیان وەك هاوبەشێکی سەرەکی نیشان بدەن لەبەرەنگاربونەوەی تیرور.لەئەنجامدا هاوپەیمانی نێودەولەتی بۆبەرەنگاربونەوەی داعش پێکهات بەسەرۆکایەتی ئەمریکا،عێراق ئەندامێکی سەرەکی ئەو هاوپەیمانیەبوو،ئەویش لەدوای هەولەکانی ئۆباماهات بۆپێکهینانی هاوپەیمانیەکی نێودەولەتی دژی داعش. هاوپەیمانیەکە سەرەتا لەدە وولات پێکهات بریتی بوون لە ئەمریکاوبەریتانیاوفرنساوئەلمانیاوکەنداوئوسترالیاوتورکیاوئیتالیاوپولنداودانیمارك.دواتر ژمارەیان گەیشتە زیاترلە 62وولاتی جیهانی، پێشەنگیان وولاتانی یەکێتی ئەوروپاوکەنداو وکوریا وژاپون ونیوزلندا وکەنەدا وئوستراليا(حسن محمد،2016،الصفحات230-231-50-52-53).**

**بەحوکمی ئەوەی عیراق ریکەوتنی ئاسایشی لەگەل ئەمریکا هەبوو بۆپاراستنی سەروەی خاك وئاسمانەکەی،هەر لەسەرەتاوە عیراق ئەندامی ئەو هاوپەیمانیە،لەئەنجامدا هاوپەیمانیەکە ئەو هەنگاوانەی نا:پشتیوانیکردن لەئوپراسیونە سەربازیەکان،وراگرتنی لێشاوی چەکدارانی تیروریستی بیانی،ووشککردنی سەرچاوە داراییەکان،وهێنانەدی فریاگوزاری مرۆیی وقەیرانەکانی پەیوەندار،وخستەرووی واقعی ئەو رێکخراوە(Kathleen.2016،صفحة1).ستراتیژیەکە بژاردەی دەستێوەردانی سەربازی سنوردار دەگرێتەبەر،لەسەربنەمای هێرشی ئاسمانی،بەپشتبەستن بەچالاکی هەوالگری و سنوردارکردنی ئوپراسیونەتایبەتەکان ودورکەوتنەوە لەئوپراسیونی زەمینی سەربازی بەرفراوان،وەپرچەکردن وراهێنانی هێزەزەمینەکانی هاوپەیمانان وەك سوپای عێراق وپێشمەرگە ودابینکردنی رووپوشی ئاسمانی پێویست لەشەرەکانیان دژی توخمەکانی رێکخراوەکە(الياسري،2021،صفحة 196).**

**لەسەرەتای دەستپێکردنی ئوپراسیونە سەربازیەکانەوە تا28-6-2016هاوپەیمانان 13470هێرشی ئاسمانیان لەعێراق وسوریا ئەنجامداوە،تێدا 37426ئامانج تێکشکینراون، واتاهێرشەکان نزیکەی سێ هێندەی ئامانجەکانن. هاوپەیمانان لەسالانی 2014تا2017 زیاترلە22.2 ملیار دولاریان خەرجکرد بۆپالپشتیکردنی سەقامگیری لەناوچەکە،بۆلابردنی مین و پالپشتی ئابوری وئەوانەی زیانیان بەرکەوتوە،پالپشتی ئابوری پێشکەش بەدانیشتوانی عێراق کردووە،بۆ گەرانەوەی خزمەتگوزاریەکان،پاکردنەوەی قوتابخانەونەخوشخانەوناوەندەتەندروستیەکان لەپاشماوەی جەنگوتەقینەوە،دابینکردنی ئاسایش،بەشداری لەگەرانەوەی سەروەری یاسا لەناوچە ئازادکراوەکان(سلمان وحمادي،2018،صفحة50).**

**لەکۆتایدا ئیدارەی ئوباما لەدوایشدا ترامپ توانی ستراتیژی دەورەدانی هێرشبەرانە بۆ رووبەرووبنەوەی داعش بگرێتەبەر لەعێراق،ستراتیژیەك لەسەربنەمای تاکتیك دامەزراوە،بەو مانایەی هێزی نەرم ورەقی بەکاربهێنرێت پێی دەلێن هێزی زیرەك بۆگەیشتن بەئامانجەکانی لەماوەیەکی تارادەیەك کورتدا.هاوکاری عێراقی کردلەرووی سەربازیەوەبەپێدانی چەك و کەرەستەی سەربازی وراهێنانی سوپا بۆ کۆنترولکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئەو رێکخراوە.**

لقی دووەم: هاوپەیمانی هەرێمی: لەبەرامبەر دروستبوونی هاوپەیمانی نێودەولەتی بۆ رووبەرووبوونەوەی داعش بەسەرکردایەتی ئەمریکا، لەکۆتایی ئەیلولی 2015 هاوپەیمانی چوارقۆلی دامەزرا لەنێوان (روسیاوئێران وعێراق وسوریا) بەسەرکردایەتی رووسیا بۆ رووبەرووبوونەوەی داعش،دوای ئەوەی روسیاوئیران وعێراق وسوریا بریارندا ناوەندێکی زانیاری دابمەزرێنن، نوێنەری دەستەی ستافی سوپای ئەو چوار وولاتە لەخۆبگرێت،ئامانجی سەنتەرەکە کۆکردنەوە وهوشیارکردنەوەی زانیاری لەسەر دۆخی ناوچەکە بۆ هەماهەنگی ئوپراسیونەسەربازیەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش. عێراق بۆ ماوەی سێ مانگ سەرۆکایەتی سەنتەرەکەی کرد، بەرێوەبردنی سەنتەرەکەش لەنێوان ئەفسەرانی سوریاوعێراق وئیران بەشێوەی(تناوب بوو)هەر لایەنیك لە3مانگ زیاتر نابێت،لەرێگەی پێکهێنانی لیژنەی هەماهانگی ئوپراسیونەکان (عبدالزهرة،2016،الصفحات121-122).رەنگە ئەو هاوپەیمانیە دوامانورێکی سیاسی روسیاوئیران بێت بۆ ئەمریکاوهاوپەیمانەکانی زیاتر لەوەی هاوپەیمانیەکی سەربازی بێت،هاوپەیمانیەك بێت دژی هاوپەیمانی نێودەولەتی(العبيدي،2016،صفحة152).سەبارەت بەعێراق بەهۆی پەیوەستبونی بەهاوپەیمانی چوارگۆشە،ترسی لەدەستدانی پشتیوانی ئەمریکاوهاوپەیمانیەکانی بوو،وەك رەتکردنەوەی ئەمریکا لەهاوپەیمانی چوارگۆشەیی، ئەوەی عێراق دەتوانێت سود لەچوارگۆشەیی وەربگرێت لەبەدەستهێنانی پالپشتی ومەشق وراهێنانی سەربازی،وەبەدەستهێنانی ئامۆژگاری وئەزمونی سەربازی وپالپشتی بۆ فرۆکەوانی روسیا لەبواری شەر دژی داعش(مرعي ووادي،2017،الصفحات114-156).

پالپشتکردنی ئیران لەحەشدی شەعبی پتەوبونی هەژمونی لەعێراق لەچوارچێوەی شەری دژداعش بۆهێنانەدی کۆمەلێك ئامانجە(حمدوخليل،2018،صفحة173):یەکەم،ئیران ئاواتخوازە لەداهاتوودا کاریگەری هەبێت،دووەم،دروستکردنی هاوسەنگی هەژمون لەگەل تورکیا لەناوچەعەرەبیەکانی دەرەوەی سنوریەکانی هەرێم،وبگاتە سنوری تورکیا لەباکورو سنورەکانی سوریا لەرۆژئاوا،سێیەم بەستنەوەی باکوری ئیران بەباکوری سوریا،لەرێگەی زەویەکانی پارێزگای نەینەواودیالە .

دوای ئەوەی عێراق پەیوەندی بەهاوپەیمانی هەرێمیەوەکرد،هەنگاوێکی گرنگ وباشی بری سەرەرای هەموو ئالنگاریەکان،عێراق دەتوانێت سود لەو هاوپەیمانیە وەربگرێت لەبونیادنانی سیستەمی ئەمنی وسیاسی وبەهێزکردنی رۆلی هەرێمی وپاراستنی سەروەری خۆی(علوي،2015،الصفحات97-104).

لەکۆتایدا دەتوانین بلێین هۆکارەکانی لاوازبوونی داعش لەعێراق دوای2016دەگەرێتەوەبۆ: هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان بۆسەر داعش،هێرشی زەمینی پێشمەرگەوسوپای عێراق،برینی سەرچاوەدارایەکانی وەك نەوت وهاوکاریە دەرەکیەکان، بەهۆی رەفتارە درندەکانی داعش پشتگیری سونەکان وەك جاران نەمان.

داواکراوی سێیەم:-لەئاستی بەشداری راستەوخۆی ئەمریکا لەمەیدانی شەر(سیاسەتی سەرۆکەکانی ئەمریکا بەرامبەر عێراق):

لقی یەکەم:-سیاسەتی باراك ئوباما بەرامبەر عێراق:-

ئوباما سیاسەتەکەی لەژێرناوی گۆران وهێزی زیرەك،ئیدارەکەی هەولیدا هەردوو هێزی رەق ونەرم تێکەل بکات، ئامانجی خۆی لە بەهیزکردنەوەی هاوپەیمانیەتیەکان وپەیوەندیەهاوبەشەکانی ئەمریکاورێکخراوەکان دەبینێتەوە، گرتنەبەری ئەو ئامانجانەش لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی ئەمریکابوو بۆدووبارە راکێشانی سەرنجی رای گشتی ناوەخۆیی ودەرەوەی ئەمریکا(نیازی حمد،2021،الصفحات95-96).

**لە23-5-2013ئوباما رایگەیاند جەنگی دژی تیرور کۆتایی هاتوە،ئەوەبوو لە دیسمبری2014کۆتایی بەجەنگی ئەفغانستان هێنا بەلام هەر لەو سالەدا جەنگێکی تری سێ سالەی راگەیاند دژی داعش لەعێراق وسوریا(OBAMA,2010،صفحة1).**

**هەردوو ستراتیژیەتی ئوباما لەسالی2010و2015بریتی بوو لەبەرەوپێشبردنی سیستەمی نێودەولەتی بۆبرەودان بەئاشتی ودروستکردنی هاوپەیمانیەکی بەهێزتر بۆرووبەرووبونەوەی ئالنگاریەجیهانیەکان بەسەرکردایەتی ئەمریکا(سالح،2020، صفحة112).هەر لەبەرئەوە بۆرووبەرووبونەوەی ئەو ئاستەنگەراستەقینانەی بەهۆی شەرفرۆشی تیروریستان هەن سەرکردایەتی هاوپەیمانی نێودەولەتی کرد، بۆتێکشکاندنی یەکجارەکی داعش لەعێراق وسوریا( US National Security Strategy, 2015،صفحة i).**

**لەخولی دوەمی سەرۆکایەتی ئوباما سیاسەتی ئیدارەکەی بەرامبەر رۆژهەلاتی ناوەراست بریتی بوو لەخۆگونجاندن لەگەل پێکهاتەی ئەو گۆرانکاریەستراتیژی وژینگەیانەی لەرووی سیاسیەوە هاتنەپێشەوە، گرنگترینیان بریتی بوو لەشۆرشەکانی بەهاری عەرەبی وهێرشی رێکخراوی داعش بۆسەرعێراق وسوریا. مامەلەکردنی ئوباما لەگەل عێراقدا نەرم وشاراوە پەیرەودەکرد، تێدا ستراتیژیەکەی لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەردەوام بوو لەعێراق تابتوانێت ئەزمونێکی سیاسی پتەو بونیادابنێت(نیازی حمد،2021،الصفحات97-98-103-104).سیاسەتەکەی پراکتیزەکردنی کاریگەری بوو لەپێناو پالپشتی لەگۆرانکاری ناوچەی عەرەبی وکرانەوە بەرەو دانوساندن لەگەل ئیران.لەکاتێکدا لەدۆسیەی عێراق،بەدەستێوەردانی سەربازی لەچوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەولەتیدا لەناوبردنی تیرور لەئەیلولی 2014ئەو سیاسەتە بووەهۆی نارەزایەتی عەرەبەکان(عداد،2021،صفحة21).**

**ئەوەی راستی بێت دەتوانین بلێین ئوباما لەسیاسەتەکانیدا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر دەنگدەرانی تائاستیك سەرکەوتوونەبوو چونکە نەیواتی لەبەرژەوەندی ئەمریکا کۆتایی تەنگژەکان بهێنێت ئیدارەی بوشی کوڕ هەلیگیرساندبوو،وەنەیتوانی بەتەواوی دیاریدەی تیرۆر بنبربکا،سەرەرای ئەوەی بەهۆی ئەو ململانی وجەنگانەی لەبەرامبەر هێزەهەرێمایەتی ونێودەولەتیەکانی وەك روسیاوچین وسعودیەوئیران،توانای سیاسی وئابوریان گۆراوەئەمەش لەبەرژەوەندی ئەمریکادا نەبوو، ئەو گۆرانکاریانەی لەجیهاندا روویاندا .**

**لقی دووەم:-سیاسەتی ترامپ بەرامبەر عێراق:-**

**ترامپ لەکاتێکدا بەکارهێنانی هێزی زیرەك ونەرمی گرتەبەر پێی باشتربوو لەهێزی رەق بەلام هێزی نەرمی لەبەرچاونەگرت بەرامبەر نەیاروهاوپەیمانەکانی هەلسا بەسزاکانی ئابوری(عداد،2021،صفحة124).سیاسەتەکەی بریتی بوو لەرێبازی ریالیزم لەسەر هەردوو میکانیزمی هێزوبەرژەوەندی سیاسەتی خۆی دادەرشت وگرنگی بەدامەزراوەکان وبنەمای چەندلایەنەنە دەبەست،بەلکو لەسەر بنەمای پشتبەخۆبەستن خۆی بپاریزێت. سیاسەتی ترامپ بووەهۆی ئەوەی لەسەر ئاستی جیهانی رابەرایەتی خۆی لەدەست بدات.**

**ترامپ لەدیسمبری2017ستراتیژیەکەی بلاوکردەوە، جەختی لەسەرنەهێشتنی هەژمون ورۆلی ئێران،وبەرەنگاربونەوەی تیرور دەکردەوە لەعێراق، لەلایەکی تر هێنانەدی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا،دژی سیاسەتی ئیدارەکانی پێش خۆی بوو لەوانەبۆشی کوروئوباما بەرژەوەندی ئەمریکایان خستۆتە مەترسیەوە. پێیوابوودەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا بۆ داگیرکردنی عێراق هەلەبوو(Babaker Mohammed, 2021،صفحة46).**

**لەسەردەمی ترامپ عێراق لەسێ رووەوە جێگای گرنگ وبایەخی ئەمریکابووە، یەکەم کونترولکردنی سەرچاوەکانی نەوت ووزە،دووەم،سنوردانان بۆهەژمونی ئیران،سێیەم:بەرەنگاربونەوەی تیرور لەعێراقدا.ترامپ پێیوابوو لەگەل کشانەوەی**

**هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق سالی2011،عێراق وەك دەسەلاتێکی بەهێزبوونی نەماوە، ڕێگەی بۆئامادەیی ئیران وداعش خۆشکردوە(نیازی حمد،2021،الصفحات121-122).**

**نارەزایەتی ترامپ لەسیاسەتی عێراق بۆچەند هۆکارێك دەگەرێتەوەلەوانە(Babaker Mohammed,2021،صفحة1142):-**

**1-کاتێك سزای بەسەر ئێران سەپاند،عێراق رێکەوتنی بازرگانی لەگەل ئیران واژووکرد بەبری 284ملیون دۆلار بۆکرینی کارەبا،داوای لەعیراق دەکرد روو لەوولاتەعەرەبیەکان بکات،پشت بەوولاتانی کەنداو و ئوردن،لەدوایدا عێراق لەگەل سعودیەرێکەوتنی واژوو کرد.**

**2-عێراق گەیشتە رێکەوتنێك لەگەل چین بۆدروستکردنی ژێرخانی بنچینەیی لەبواری نەوت.**

**3-عادل عبدالمهدی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق (2018-2020) رۆلی ناوەندگیری گیرا لەنێوان سعودیە وئێران.**

**4-عێراق هەولی کرینی سیستەمی ئێس 400لەرووسیا.**

**بەراوردێك لەنێوان ئیدارەی ئوباماوترامپ(نیازی حمد،2021،الصفحات135-136):-**

**1-ئوباما لەروانگەی سیاسیەوە هێزی زیرەك ونەرمی پەیرەو دەکرد، بەلام ترامپ پشتی بەهێزی ئابوری رەق بەستبوو.**

**2-مامەلەی سیاسی ئوباما لەگەل عێراق لەسەر بنەمای پەیوەندی دوولایەنە وپێکەوەیی کردبوەوە،بەلام مامەلەی سیاسی ترامپ لەگەل عێراق بەئاراستەیەك بوو پێویستە قەرەبووی ئەمریکا بکاتەوە.**

**3-سیاسەتی ئوباما بەرامبەرئیران،سیاسەتێکی دبلوماسی نەرم وگفتوگۆ بوو،بەلام ترامپ سیاسەتێکی توندوزەبری پەیرەو دەکرد بەرامبەر ئیران.**

**4-سیاسەتی ئوباما بەرامبەرسوریا دانوساندن وگفتوگۆ جێهێشتنی ئەسەدبوو، بەلام ترامپ لەهەلوێستی سیاسیدارۆلی ئەمریکای لەپاراستنی بەهامرویەکان وهاوپەیمانیەکان لەسوریا کەمکردەوە.**

**5-ستراتیژی سیاسی ئوباما لەگەل چین لەلایەك هاوسەنگی هێزی دەپارست لەلایەکی تر رێگەی بەئالوگۆرکردنی کاری پێکەوەیی کردبوو بەلام ترامپ دژایەتی چینی دەکرد لەرێگەی هەلمەتی راگەیاندنەوە،چونکە بەمەترسیەکی گەورەی دەزانی لەرووی ئابوریەوە.**

**6- مامەلەکردنی ئوباما لەگەل روسیا پیبوابوو پێویستە چاودێری وسزای نێودەولەتی سەر روسیا بمینێت، بەلام ترامپ پەیوەندیەکانی لەگەل رووسیا بەرەو بەهێزی برد ورێگەیدا لەناوچەگرنگەکانی جیهان پێگەی سەربازی وسیاسی خۆی بەرەو پێشەوە ببات،پێویستە هەندێك رۆل بەروسیا بدرێت بۆ ئیدارەدانی قەیران.**

**لقی سێیەم:-سیاسەتی جۆن بایدن بەرامبەرعێراق**

**بایدن لە16-7-2022لە لوتکەی جدە لەگەل سەرکردەکانی وولاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو کۆبوەوە هەریەك لەعێراق ومیسرو ئوردن بەشداربوون. ئەوەش دەرفەتێك بوو بۆسەرۆکی ئەمریکا بۆئەوەی سەر لەنوێ جەخت لەسەر ئەو گرنگەی واشنتن بکاتەوە،بەهاوبەشەستراتیژیەکانی لەناوچەکەدا، پابەندیی بەردەوامی خۆی دووپاتکردەوە، بۆدابینکردنی سەقامگیری بەرگریکردن لەخاکی هاوبەشەکانی ودانپێدانی بەوەی ئەو ناوچەیە لەرووی گرنگیەوە رۆلی زیاتر دەگێرێ (بابەکرمحمدb،2022).**

**بایدن وکازمی رێکەوتن لەکۆبونەوەیەك لەکۆشکی سپی کۆتایی بەئەرکەشەرکەرەکانی 2500هێزی ئەمریکی لەعێراق بهێنن لەکۆتایی2021،لەگەل گواستنەوەی رۆلی ئەوان بۆمەشق وراهێنان،بەیانامەیەکیان بلاوکردەوە لەبارەی دیالوکی ستراتیژی هاوبەشەوە لەبارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی هەردوو وولات بەرێوەچوو،تیدا بایدن بەلێنیدا بەردەوام بێت لەپشتیوانکردنی عێراق بۆپاراستنی ئاسایش ویەکپارچەیی خاکی عێراق. چوارچێوەی گشتی لێکتێگەیشتنەکانی**

ئەمریکا وعێراق،بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر دووبارەپێناسەکردنەوەی رۆلی ئەو هێزانەی ئەمریکا لەسەر خاکی عێراق ئامادەبوون، جەختیان کردبوەوە بەلام لایەنەکانی پەیوەست بەسەقامگیری وهاوکاریەکانی ناوچەکە لەکەرتەکانی وزە وتەندروستی وئابوری وژینگە وپەروەردە ومرویی لەخۆگرتبوو.دەربارەی پرسی سەربازی وئاسایشی هەردوولا ڕێکەوتن ئەمریکامەشق و راوێژی هێزەچەکدارەکانی عێراق بکات،زانیاری هەوالگری لەگەلیان ئالوگۆربکات گەرەنتی ئاسایشی عێراق دەکا، ئەمریکارێز لەسەروەری عێراق ویاساکانی دووپاتکردەوە وبەلێندا بەردەوام بێت لەدابینکردنی ئەوسەرچاوانە عێراق پێویستی پێیەتی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی (القمة الامريكية-العراقية،2021).

ستراتیژیەتی نوێ بایدن بەرامبەر عێراق بریتیەلە:کەمکردنەوەی هێزەکانی،گۆرینی هێزەکانی لەشەرکەرەوە بۆ راهێنەر،کەمکردنەوەی هەژمونی ئێران وکۆمەکیکردنی عێراق بۆئەوەی لەسەرپێیەکانی خۆی بوەستێت بۆهێنانە دەرەوەی لەچنگی ئێران،بەستنی رێکەوتنێکی نوێ ئاسایشی لەگەل عێراق یەکێك لەبرگەکانی کۆمەکی کردنی هێزەکانی ئەمریکایە بۆعێراق لەرووی لوجستیەوە(محی دينa،2021).

جیاوازی نێوان بایدن وترامپ لەماوەی(2017-2023)(نوزاد هيتوتی،2020): -1-ترامپ کەسێکی نەتەوەپەرست وبازرگانە، باوەری بەسیستەم وهاپەیمانیەتی وبنەماکانی دیموکراسی نیە،بەلام بایدن پێیوایە نەتەوەپەرستی وای لەئەمریکا کردووە بەتەنها بمینێتەوە رۆلی ئەمریکای لەسیاسەت وهاوکێشەکانی نێودەولەتی لاوازکردووە.

2-ترامپ گوشاری ئابوری وسەربازی بژاردەی یەکەمن بۆرووبەرووبونەوەی نەیارەکانی،بەلام بایدن هەول دەدات لەرێگەی ئامرازەسیاسی ودبلوماسیەکان وگوشاری ئابوری رووبەرووی نەیارەکانی ببێتەوە بژاردەی سەربازی دوابژاردەیە.

3-ترامپ زیاتر پالپشتی وولاتە هاوپەیمانەدکتاتورەکانی دەکات لەوەی هاوپەیمانەدیموکراتەکانی،بەلام بایدن هەولی بەهێزکردنی سیستەمی هاوپەیمانی نێوان وولاتانی دیموکرات دەدات بۆدەورەدانی نەیارەکانی .

بایدن وەك سیاسەتمەداریکی بەئەزمون پەیوەندی راستەوخۆی لەگەل سەرکردەکانی عێراق هەیە لەوبارەیەوە ئەزمونێکی دورودرێژی هەیە زیاتر لە20سەردانی عێراقی کردوە بۆئەو کەشوهەوای سیاسی عێراق نامۆنیە. پێیمانوایە سیاسەتی بایدن زۆر جیاوازدەبێت دەربارەی عێراق بەراورد بەئوباماوترامپ.

دەتوانین بلین لەبەرئەوە ئیدارەی بایدن پەنا بۆهێزی زیرەك دەبات ئەویش بەهۆی لەهەردوو ئەزمونی بۆشی کوروترامپ سەرکەوتووبوو ئەوان زیاترهێزی رەقیان بەکاردەهێنا چونکە بەلای ئەمریکیەکان هێزی زیرەك دەبێتە مایەی گۆرانکاری لەوانەش رازیکردنی رای گشتی ئەمریکا.

داواکراوی چوارەم:-لەئاستی هاریکاریە مادی ولۆجستیەکانی ئەمریکابۆدەولەتی عێراق لەوشەرەدا:-

ئەمەریکا وەك هێزێك بەرپرسە لەگۆڕینی ڕژێمی سیاسی لەعێراق هاوکاری ماددی وسەربازی زۆری بۆ بنیادنەوەی عێراق پێشکەشکردووە.ئەگەر تەنها لەسەروبەندی جەنگی دژبەداعش بڕوانین دەبینین بڕی ئەو هاوکاریەدارایی ومرۆییانە لەسەرەتای شەڕی داعشەوە،ئەمەریکا لە2014پێشکەش بەعێراقی کردووە دەگاتەسێ ملیاردۆلار، ئەمە لەکاتێکدا لەم ساڵدا زیاترلە200 ملیۆن دۆلار هاوکاری وپشتیوانی مرۆیی بۆعێراق دابینکردووە(عبدالله،2022).ئەمریکا لەسێ رەهەندەوە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەل عیراقدا درێژەپێداوە،ئەوانیش سەربازی ودبلوماسی وئابوریە،پەیوەندی سەربازی خالێکی سەرەکیەلەپەیوەندیەکانی نێوانیان،ئەمریکابەردەوام هاوکاری سەربازی پێشکەش بەعێراق کردووە هەرلەپێدانی چەك وراهێنان وپالپشتی هێرشی ئاسمانی بۆسەر رێکخراوی داعش، لەگەل ئەوەشدا بەردەوام بووە لەپتەوبونی پەیوەندیەدبلوماسیەکانی لەگەل عیراقدا. لەرووی ئابوری هاوکاری زیاتری کردووە تاوەکو عیراق نەکەوێت(سالح،2020،صفحة183).

ستراتیژیەتی ئەمریکا بژاردەی دەستێوەردانی سەربازی سنورداری گرتەبەر، لەسەر بنەمای هێرشی ئاسمانی ،بەپشتبەستن بە چالاکی هەوالگری وسنوردارکردنی ئۆپراسیونەتایبەتەکان ودورکەوتنەوە لەئۆپراسیونی زەمینی سەربازی بەرفراوان، هەروەهاپرچەکردن وراهێنانی هێزەزەمینەکانی هاوپەیمانان وەك سوپای عیراق وپێشمەرگە ودابینکردنی رووپوشی ئاسمانی پێویست لەشەرەکانیان دژی توخمەکانی ریکخراوەکە ئەوستراتیژیەتە پێی دەوترێت بەکارهێنانی هێزی زیرەك. لەسەرەتای دەستپیکردنی ئوپراسیونەسەربازیەکانەوە هاوپەیمانان لەسالانی2014تا2017 زیاتر لە22.2ملیاردۆلاریان خەرجکردوە بۆ پالپشتیکردنی سەقامگیری لەناوچەکە بەدەست گۆشەگیری داعش دەینالاند،بۆ لابردنی مین وپالپشتی ئابوری بۆئەوانەی زیانیان بەرکەوتوە، پالپشتی ئابوری پێشکەش بەدانیشتوان کرد، هاوپەیمانی هاوکاری لەگەل هاوبەشەناوەخۆیەکانی عیراق کرد بۆگەرانەوەی خزمەتگوزاریەکان، لەپاشماوەی جەنگ و تەقینەوە،ودابینکردنی ئاسایش،وبەشداری لەگەرانەوەی سەروەری یاسا لەناوچە ئازادکراوەکان (الیاسري،2021،الصفحات196-198-199).

ئەمریکا بەردەوام بووە لەمەشق وراهێنان بەهێزەعیراقیەکان، هێزەکانی ئەمریکا زانیاری هەوالگریان بەعێراق داوە لەشەری دژبەداعش وپارێزگاریان لەناوەندەکانی ئەمریکا لەعیراق دەکرد. تائاداری 2018 راهێنیان زیاتربە 138000سەربازی عێراقی کردوە،بریتی بوون لەهێزەکانی ئاسایش وپۆلیسی فدرالی وپێشمەرگە وچەکدارانی هۆزەسونەکان. لەگەل ئەوەشدا ئیدارەی ترامپ داوای 850ملیۆن دۆلاری کردبوو لەپرۆژە یاسای بودجەی سالی2019.لەسەردەمی ترامپ هاوپەیمانی نێودەولەتی بۆ تیکشکاندنی داعش هەنگاوەسەربازیەکانی چرکردەوە لەرێگەی کۆکردنەوە وهاوبەشی پێکردنی زانیاری هەوالگری، وهەولدان بۆسرکردنی سەرچاوەدارایەکانیان وکوشتنی سەرکردەکانیان ورێگریکردن وسنوردارکردنی چوونی چەکدارانی بیانی بۆناوداعش(سالح،2020،الصفحات256-257).ئیدارەی ترامپ بەشێوەیەکی گشتی وبەرفراوان پەیرەوی هەمان سیاسەتی ئوبامای کرد لەرووبەرووبوونەوەی داعش ئەویش لەرێگەی هاوبەشیکردن لەسەربنچینەی هەمان روانین بەرامبەر داعش،ئەوەی راستی بیت گۆرانکاری لەئوپراسیونەسەربازیەکان وهاوکاریەکان لەسەردەمی ترامپ روویاندا، بەگرتنەبەری ریکخستنەوەی چالاکیەکان لەنێو هەنگاوەسەربازیەراستەوخۆکانیان وهاوکارکردنی سەربازیەهاوبەشەکان لەگەل عیراق زیانگەیاندن بەسەرچاوەدارایەکانی داعش وکووشتنی سەرکردەکانیان ئەمانە هەموو هاندەربوون بۆپتەوبوونی پەیوەندیەکانی نیوان ئەمریکاوعیراق.

ئەمریکا لەسالانی 2016-2021 بری زیاتر لە44ملیاردۆلار کۆمەکی وولاتانی ناوچەکەی کردوەپشکی ئیسرائیل 19ملیاربووە لەبەرامبەردا عیراق 2.5ملیار بووە(محیدینa،2021).ئەمریکا هاوکاری حکومەتی عیراقی کردوە لەمامەلەکردن لەگەل چەکدارانی داعش وەیەکخستنەوەی هیزەکانی شیعەوسونەوکورد،سەرباری ئەوەش روبەرووی گووشارەکانی ئیران وتورکیا بوەوە لەمامەلە لەگەل گرژیەکانی نێوان سونەوشیعە،ئیران کاریگەری لەسەر عیراق هەیە،رەنگە ئەو کاریگەریە وابکات لەداهاتوودا عێراق لەرووسیا نزیك ببێتەوە ئەمەش کاریگەری لەسەر پلانی سەربازی ئەمریکادەبێت لەئایندەدا(سالح،2020،صفحة184).

لەبەرامبەردا ئەمریکا بەهۆی دەستێوەردانەکانی ئیران لەکاروباری عیراق بەپالپشتیکردنی خۆپیشاندانەکان بۆسەر بالویزخانەی ئەمریکا هەلسا بەتیرۆرکردنی قاسم سلیمانی وئەبوبکر مهندس .

ئەمریکا لەعێراق زیاتر چاوی لەسەر گرنگیدان بوو بەپشتیوانیکردن ئەوهیزانەی ئاسایش لەژێر کۆنترولی حکومەتی ناوەندی عێراقدا بوون، لەگەل ئەوەشدا پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگەشی دەکرد لەهەرێمی کوردستان، لەگەل هەموو ئەوانەشدا چەند ئالنگاریەکیان هاتەپێش لەکاتی رووبەرووبوونەوەی داعش کێشەی بۆ هێزەکانی عێراق دروست بوو بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی نێوان هێزەکان وکەمی توانای هیزەکانی لەرێگریکردنی هاتووچۆی داعش لەسەر سنورەکانی عێراق وسوریا(سالح،2020،صفحة255).

بەهۆی ئەو پەیوەندیەپتەوەی لەنێوان ئەمریکاوحکومەتی هەریمی کوردستان دروستبوو بۆ دوای سالی2011دەگەرێتەوە ئەویش بەکردنەوەی کونسلخانەی ئەمریکا،بووە هۆی گرنگدانی سیاسی وئابوری بەوناوچەیە، پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاوهەرێم،وایکرد بەرچاوترین بنکەی سەربازی ئەمریکا لەهەریم لەناوچەی حەریروهەولیر دابمەزرێنێت،

**کەموديرترين بنكەسەربازيەكانی ئەمريكايە لەعێراق بەسيستەمی مووشەكی پاتروێت وفروكەی شەركەر تەياركراون(جومانی،2022،صفحة200).**

**ئەمريكا هاوكاری سەربازی پێشكەش بەهەرێم كرد بەبێ گەرانەوەی بۆ عێراق،بەبەپێی بڕياری1654كۆنگرێسی ئەمريكا راسپيراوە راستەوخۆ هاوكاری سەربازی پێشكەش بەحكومەتی هەرێم بكات (crispin smith,2018،الصفحات257-259) .**

**لەتەموزی2016 گورانكاريەكی دبلوماسی گەورە روويدا بۆ هەريمی كوردستان دوای واژووكردنی ياداشتنامەی ليكتيگەيشتن لەبواری سەربازی لەگەل هەرێم لەلايەن ئەمريكاوە واژوو كرا،يارمەتی دارايی بەبری415مليون پێشكەش بەپێشمەرگە كرا لەنێوان كريم سنجاری وەزيری ناوەخۆوئيليساسلوتكين ياريدەدەری وەزيری بەرگری بۆكاروباری ئاسايش.لەئيدارەی ترامپ ئەو كۆمەكيانە بەردەوام بوو لەبودجەی سالانی2019و2020 كە290و249مليۆن دۆلار دياريكرا(جومانی،2022،صفحة211).ئەو ليكتيگەيشتنە تايبەت بوو بەكۆمەكيەسەربازيەكانی ئەمريكا راستەوخۆ بۆ حكومەتی هەريمی كوردستان،بەپێی بڕياری كۆنگرێسی ئەمريكی ئيدارەی ئەمريكی سەرپشك دەكرێت بەپێشكەشكردنی ئەو يارمەتيانە.، ئەوەش ريگەخۆشكەربوون بۆيارمەتيدانی وولاتانی تری جيهان بۆهەريمی كوردستان وەك بەريتانياوچەندولاتيكی تر بەبێ گەرانەوە بۆ حكومەتی ناوەندی عيراق. ئەمريكادەيەويست هەرێمی كوردستان بەهێزبێت وببێتە بەشێك لەعێراق، عێراقێكی بەهێز وسەقامگير وسەربەخۆ، ناوچەكەبەهێزوسەقامگيردەبێت ئەوەش لەبەرژەوەندی ئەمريكايە. ئەمريكا سەركەوتوو نەبوو لەكۆتايهينان بەچالاكيەكانی داعش لەناوچەكە بەگشتی وعێراق بەتايبەتی،سەرەرای كوشتنی خەليفەكانی،بەلام هەرەشەكانی داعش وەك گروپی پارتيزانی لەناوچە جياجياكان تائێستاش ماون،بۆيە پێويستە ئەمريكا بۆ هێنانەدی سەقامگيريەكی راستەقينە لەعێراق هەولی چارەسەری ناكۆكيەكانی لەسەرئاستی ناوەخۆودەرەوە بدات بۆ لاوازكردنی ئەو ريكخراوە لەوانەيە لەئايندەدا ببێتەهۆی لاوازبوونی ئەمريكا، پرسەئاسايشەكانی لەعيراق وناوچەكە بكەوێتە مەترسيەوە.**

**باسی سێيەم:رێكەوتنی ئەمريكاوعيراق وئالنگاری وئايندەی ئاسايش بەردەم پرۆسەی سياسی عيراق:**

**داواكراوی يەكەم:- كشانەوەی هێزەكانی ئەمريكا لەعێراق ورێكەوتنی ستراتيژی نێوانيان:-**

**ئيدارەی ئەمريكا،پەيوەنديەكانی ئەمريكاوعێراق بەستەوە بەرێكەوتنامەكان نەوەك پەيمانامەكان. بۆئەوەی پێويستيان بەرەزامەندی كۆنگريسی ئەمريكا نەبێت. لەلايەكی تر ملكەچ نەبێت بۆ رێكەوتنی فيينا بۆياسای پەيمانامەكان. ئەوەی راستی بێت ريكەوتنامە لەنيوان خودی تاكەكان يان تاك وريكخراوەكان وكومپانياكان يانيش ريكخراوو ريكخراويكی تر يان ريكخراووكومپانيا،ياخود كومپانيان خۆيان دەكرێت بۆ ئەو مەبەستە پيويستی بەرەزامەندی كونگريس ناكات بۆپەسندكردنی بەلام هەرچی پەيمانامەيە تەنها لەنيوان وولاتان ئەنجام دەدرێت پيويستی رەزامەندی كونگرێس دەبيت بۆ پەسندكردنی.**

**كشانەوەی هێزەكانی ئەمريكای لەعێراق بەسێ قۆناغ دەستپێكرد لەقۆناغی يەكەم سالی2008 دەستپێكرد هێزەكانی لە18شاری عێراقی بردە دەرەوە،قۆناغی دوەم سالی2010بوو ناوی پرۆسەی بەرەبەيانی نوێ لێنرا ژمارەی سەربازەكانی بۆ 47000سەرباز كەمكرايەوە،قۆناغی سێيەم لەكۆتايەكانی2011تێدا زۆربەی هێزەكانی لەعێراق كشاندەوە(نيازی حمد،2021،صفحة102).**

**وەزيری دەرەوەی ئەمريكا لە7-4-2020 رايگەياند ئەمريكا دەيەوێت ديالوكی ستراتيژی لەگەل عێراق ئەنجام بدات لەناوەراستی مانگی شەشی2020جەخت لەسەرئەوە كرايەوە زۆرگرنگە هەردوولا كاربكەن بۆ رێگريكردن لەدەستدانی**

ئەودەستکەوتانەی لەشەری داعش بەدەستهاتوون لەسەقامگیری عیراق،هەموو پرسەکان دەکەونەناو ئەوسراتیژیەتە لەنێوانیان باس لەداهاتوو ومانەوەی ئەمریکا دەکات لەعێراق، ئەمەش دەبێتە پشتیوانیەکی بەهێز بۆسەروەری عێراق (سالح،2020،صفحة272).

ڕێکەوتنامەی چوارچێوەی ستراتیژی لەحەوت بوار خۆی دەنوێنی:سیاسەت ودبلوماسیەت،بەرگری و ئاسایش،کەلتور،ئابوری ووزە،تەندروستی وژینگە،تەکنەلوژیای زانیاری وپەیوەندی وجێبەجێکردنی یاسا ورەوشی دادوەری (یاسین،2020).ئەو ڕێکەوتنە نەبوەتەهۆی دابینکردنی ئاسایش بۆ وولاتان لەکاتێکدا ڕێکەوتنی ئەمریکا لەگەل هەریەك لەیابان وئەلمانیا سەرکەوتوو بووە لەبەرجەستەکردنی ئاسایش(یاسین،2020،صفحة139).

هۆکارەکان کشانەوەی ئەمریکا لەعێراق (بابەکرمحمدb،2022):-1-قۆلبوونەوەی ململانێیەکانی ئیران وئەمریکا.

2-هاوپەیمانەناوەخۆیەکانی ئەمریکا بێدەنگن لەبەرامبەر فشارەکانی سەرحکومەت بۆناچارکردنی ئەمریکا بەکشانەوەی هێزەکانی. زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی عێراق لەگەل کشانەوەی ئەمریکادانین بەتایبەتی کوردوسونەکان.

3-بەهۆی هەژمونی میلیشاچەکدارەکانی نزیك لەئیران بەسەرحکومەتی عێراق،وەسەرکوتکردنی خۆپیشاندەدران ئەوەش پرۆسەی دیموکراسی ومافی مرۆڤ دەخەنەژێر پرسیارەوە. لەلایەکی تر بوونی ناکۆکی نێوان حکومەتی عیراق و ئەمریکا بۆ رووبەرووبوونەوەی میلیشاکانی نزیك لەئیران هۆکاریکی سەرەکیە بۆکشانەوەی ئەمریکا لەعێراق.

4- فراوانبوونی هەژموونی چین لەناوچەکەبەگشتی وعیراق بەتایبەتی بێ هیوابوونی ئەمریکا دەردەخات لەو ناوچەیە. لەلایەکی تر بێهیوابوونی ئیدارەی ئەمریکا لەپرۆسەی سیاسی عێراق وبێئەوەی پرۆسەکە بەرەو پێش بچێت.

5- تەشەسەندنی گەندەلی شکستی نوخبەی سیاسی عێراقی بۆئەوەی ئەو ولاتە بەرەو سەقامگیری بروات .

6- لەسەرئاستی هەرێمی بەهۆی کەمبونەوەی گرنگی وپێگەی ناوچەکە(حسن عبدالله،2021)

7- وەکو جاران رای گشتی پالپشتی دەستێوەردانی ئەمریکا ناکات لەناوچەکە چونکە تێچوی ئابوری زۆری دەوێت.

8- رای گشتی وەکوجاران پالپشتی دەستێوەردانی ئەمریکا ناکات لەناوچەکە چونکە تێچوی ئابوری زۆردەوێت. سەرەرای کەمکردنەوەی خەرجی سەربازی بەهۆی کورتهێنانی بودجەی ئەمریکا.

لێکەوتەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەرعێراق (حسن عبدالله،2021):- 1-میلیشای نزیك لەئیران کونترلی عێراق دەکەن.سەرهەلدانی هەرەشەی ئاسایشی بەهۆی ئەوەی سوپای عێراق زیاترسوپایەکی مەزهەبی وتایفیە. بوونی مەترسی پێکدانانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە وگروپەمیلیشاشیعەکان لەناوچەجێناکۆکەکان.

2-دووبارەبونەوەی سیناریوی ئەفغانستان لەعێراق،هەرەشەی ئاسایشی گەورە لەسەر ئەو ولاتەدروست دەکا.

3- بەهێزبوونی هەژمونی هەرێمی لەعێراق،کشانەوەی ئەمریکا ڕێگە خۆشدەکات هێزەهەرێمیەکان بەتایبەتی ئیران و تورکیا هەژمونیان لەعێراق زیادبکەن.بوونی سەربازی ئەمریکا لەعێراق هاوکاری حکومەتی عێراق دەبێت بۆپاراستنی سەروەری خاکەکەی رەنگە بەکشانەوە دۆخێکی تایبەت دروست بێت هەرێم وعێراق بەسەر ناوچەی هەژمونی وولاتانی دراوسی دابەش بن.

4- ترسی زیاتری پەروێزخستنی سونەوپاکتاوکردنی تایفی بەکشانەوەی ئەمریکا ئەوپێکهاتەیە تووشی هەرەشەی ئاسایشی ببێتەوە.

وازهێنان لەعێراق بۆئیران دەبێتەهۆی ترسان وتورەکردنی هاوپەیمانەهەرێمیەکانی وەك ئیسرائیل هێرشەنوێیەکانی ئیران بۆسەر ئیسرائیل لەناوخاکی لوبنان وبەرزایەکانی جولان وەبەرگری لەهاوپەیمانی سوریا لەلایەکی ترەرەبەکانی کەنداو لەوە دەترسن ئەگەر ڕێگەبەئیران بدرێت بەسەر عێراق زال بێت وخاکی عێراق وەك بنکەیەك بەکاربهێنێت ئەوا کاریگەری ونائارامی لەسەردۆخی ناوەخۆیی دەولەتەعەرەبەسونەکان دەبێت(Kathleen.2016،صفحة5).

دەتوانین بڵێین بەكشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا بەپێی ئەو ڕێكەوتنەی كراوە.وەك هێزی شەركەر نامینێن ئەوەش بۆشایی ئاسایشی گەورە دروست دەكا ولەشكۆی عێراق لەبەردەم تیروریستان كەمدەكاتەوە،چونكە لەرابردوو عێراق ئەوەی سەلماندوە ناتوانی مەترسیەكانی تیرور لەعێراق برەوێنێتەوە،بەلكو رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتربوون ومەترسیان زیاتربوون. ئەگەر كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا رووبدا ئەوا لێكەوتەی خراپی دەبێت نەوەك بەتەنها لەسەر عێراق بەلكو بۆ بوونی خودی ئەمریكا لەناوچەكە،چونكە بەهۆیەوە گرژی وئالۆزی زیاتر لەعێراق دروست دەبێت ئەمرو بەدەست پەرتەوازەیی ودابەشبونەوە دەنالینیت،بۆنمونە هیزەشیعەكان دابەشبونە بۆدووبەرە بەرەیەك لایەنگری ئیران دەكات، بەرەیەكی تر دژایەتی ئیران دەكا. ئەمە بۆ كوردوسونەی عەرەبیش راستە.لەگەل ئەوەشدا كوردوسونە نیگەرانی خۆیان دەربریوە بەرامبەر كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لەعێراق. لەلایەكی تر كشانەوەی ئەمریكا دەبێە هۆكاروهاندەر بۆدووبارە سەرهەلدانەوەی داعش لەئێستادا جموجولەكانیان لەزیادبوندایە بەتایبەتی لەناوچە جێناكۆكەكان.

داواكراوی دووەم:- ئالنگاریەكانی ئاسایش بەردەم پرۆسەی سیاسی عێراق:-

فرەیی لەهەر كۆمەلگایەك حالەتێكی ئاسایە بەلام ئەوەی نائاسایە پەیرەوكردنی نادپەروەریە وچەوساندنەوەو پەراوێزخستنی  پێكهاتەكانی ترە. فرەنەتەوەیی وئاینی عێراق ئەگەرچی نموونەی پێكەوەژیانی جیاوازیەكانە لەو ناوچەیەدا، بەلام ئەوفرەیە بۆتەئالنگاریەك وبەربەستێكی بەردەوامی ناسەقامگیری سیاسی لەعێراق(شريف،2008،صفحة257).

بینیمان عێراق گەشەی دۆخی لاوازی سەقامگیری سیاسی بوو بەهۆكاری جیاواز،ناوەخۆی بێت یان دەرەكی لەوانە لاوازی دامەزراوەكان وئەدای كاركردن لەلایەن دامەزراوەئەكادیمەكانەوە چاودێری دەكرا لەئەنجامی لاوازی لەئاماژەفرەكان تێكچونی خزمەتگوزاریەكان وخراپی ئەدای دامەزراوەكانی حكومەت ودابەشبونی سیاسی ودەستێوەردانی دەرەكی، توندرەوی خواردن دەدا بەحالەتەكانی لاوازی سەقامگیری سیاسی، ژینگەی خراپ بۆسەقامگیری دروست دەكات(مهلهل، 2021،صفحة286).

پەرەسەندنی رۆلی خیلەكان لەروانگەی بونیادنانی دیموكراسی وكۆمەلگەی مەدەنی لەعێراقدا چەندین تەحەدای بۆدروست دەكات، پێكهاتەی هۆزەكان  بەرزترین دلسۆزی ئەو كەسانە رادەكێشن سەربەخۆیانن، ئەمەش كاریگەری لەسەر ئەگەری دلسۆزی نیشتمان بۆدەولەت هەیە(حسين توفيق ابراهيم ،2004،الصفحات24-25).

ئەو ناسەقامگیریەسیاسیەوسەرلێشواویەئاسایشەی،گۆرەپانی عێراق پێوەی دەنالێنێت بەشێكی زۆری لەسەرشانی ئەو لایەنانەیە،بەهۆكاری سەرەكی ناسەقامگیری حكومەت دادەنرێت،هۆكاری ئەمەش بێ توانایی لایەنێكە لەبەدەستهێنانی زۆرینەی رەها لەپەرلەمان بتوانێت حكومەت پێك بهێنێت ئەمەش پال بەلایەنەكانی ترەوە دەنێت بۆپێكهێنانی حكومەتەكانی هاوپەیمانی سالانی رابردوو،چونكە ئەو لایەنانەی لەهاوپەیمانی حكومەتدا بەشدارن هەریەكەیان خاوەنی بنەما وبەرنامەو بەرژەوەندی تایبەتن،ئەستەمەدەستبەرداری هەندێك لەئامانج وبەرژەوەندیەكانیان بن بۆئەوەی بەخێرایی لەگەل لایەنەكانی تر بگەنە لێكتێگەیشتن ئەمەش بوەهۆی پچرانی هاوپەیمانی بەوپێیەش ناكۆكی نێوان ئەندامەكانیان بوەهۆی بلاوبونەوەی ناسەقامگیری حكومەت(العيثاوي،2018،صفحة112).

گۆرەپانی عێراق بەكۆمەلێك فاكتەرودۆخدادەروا لەوانە:داگیركاری ئەمریكی،وبلاوبونەوەی میلیشاچەكدارەكان لەدەرەوەی چوارچێوەی دەولەتی عیراق،وتێكچونی دۆخی ئەمنی هۆكاربووە بۆ دروستبونی دۆخێكی ناسەقامگیر لەناوەخۆی عێراقدا،وبەرژەوەندیەجیاوازەكانی لایەنەسیاسیەكانی عێراق لەپرۆسەی سیاسی،لاوازبوونی متمانە لەنێوان كوتلەسیاسیەكانی بەشداربوو لەپرۆسەی سیاسیدا ودرێژەدان بەململانی لەجیاتی پێكەوەژیانی ئاشتیانە وبەدیهێنانی

ئاسایش وسەقامگیری(2015،الصفحات236-237).گەورەترین هەرەشە ئەمریکا رووبەرووی دەبێتەوە شەری ناوەخۆی عێراقە(BYMAN,2011،صفحة145).

کۆمەلێك ئاستەنگ لەوهۆکارانە بنچینەیەك بوون بۆدابەزینی ئەدای هێزەئاسایش وسەربازیەکان لەبەرەنگاربونەوەی داعش(الياسري،2021،الصفحات247-248):-1-گەندەلی دارایی وئیداری لەناو خزمەتگوزاریەئاسایشەکان.

2-بەلەبەرچاوگرتنی سیاسی وحزبی هێزەسیاسیەکانی عێراق لەزۆرێك لەمامەلەوگرێبەستەکانی پرچەککردن.

3-سەرکردە ناشایستەکان دەستیانگرت بەسەردامەزراوە سەربازیەکان،بوتەهۆی لاوازبوونی سیستەمی فەرماندەیی.

4- لاوازی فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان ونەبوونی لێهاتوویی وتوانای بەرێوەبردنی ئەوشەرەی عێراقی وێران دەکرد.

5-نەبونی روحی مەعنەوی لەکەرتەکانی سوپا بەشێوەیەکی روون لەدەستدانی ئیرادەی شەرکردن.

6-لاوازی راهێنانی کەرتەکان وەنەبونی هەندێکجار هۆکاری سەرەکیە بۆدابەزینی توانای شەری تەکنیکی.

7-پشکپشکینەی ناودامەزراوەکانی ئاسایشی ئاستی هێزەئاسایشەکانی لاوازکردوە،سەرەرای ئەوەی ئەمریکا بەپەرۆش بوو.

8-نەبوونی متمانەی جەماوەری بەهێزەئاسایشەکانی عێراق تارادەیەکی زۆر لەئەنجامی خراپ هەلسوکەوتی ئەوهێزانە(عبدالحميد،2017،صفحة202).

داواکراوی سێیەم:- ئایندەی ئاسایش لەعێراق وکاریگەری لەسەرپەیوەندیەکانی ئەمریکاوعێراق:-

رکابەری زۆرینەی شیعەوکەمینەی سونە لەدوای روخانی رژێمی عێراق بوەتە جێگەی سەرنجی ململانی سیاسی،گرژیە تایفیەکان سوتەمەنی پرۆسەی بونیادنانی دەولەتی ناسەقامگیرکرد،حکومەتی عێراق هیچ هەولێکی روونی نەداوە بۆ تێپەراندنی ئەو دووبەرەکیە،زۆرێك لەو رێوشوێنانەی گیروەتەبەر تەنها بۆتە هۆی پارچەپارچەبوونی زیاتری دەولەت، ووردەووردە بیرۆکەی نوێنەرایەتی تایفی زالبوە بەسەر پەیوەندیەسیاسیەکاندا نەوەك نوێنەرایەتیکردنی هاولاتیان.تایفی سیاسی کاردانەوەی خراپی بەرهەمهێناوە کاریگەری لەسەر هەموو ئاستەکانی عێراق کردووە(سیاسی،ئابوری،کومەلایەتی)بۆ رەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆگەشەی تیرور لەعێراق وهەلوەشانەوەی ژێرخانی دامەزراوەیی، بەرنامەی نیشتمانی وتەبایی کۆمەلگا لەگەل دەولەت،زۆر رەنگیداوەتەوە لەسەر پێکهاتەی عێراق،لەکاتێکدا کەوتوتە ژێر کاریگەری خراپی فرەیەوە رێگری لەگەشەکردن وسەقامگیری دەکات،کاریگەری تایفی سیاسی کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەرنەگەیشتن بەسەقامگیری سیاسی لەوولاتدا دوای گۆرانکاریەکان.رێگاکانی چارەسەری تایفی بەندە بەرادەی ئەوەی هەموو لایەنەکان جدی نین لەوازهێنان لەدلسۆزی تایفی،رووکردنە بەرنامەیەکی نیشتمانی. ئامانجی ستراتیژیەتی ئەمریکا ئەوەیە پێویستە عێراقێك جێبهێلێت کێشەی هەرێمی وجیهانی بۆ ئەمریکا دروست نەکات وسەقامگیریەکەی بەردەوام بێت(Kathleen.2016،صفحة23) .

کۆمەلێك میکانیزمی گرنگ هەن ئەو ناوچانە سەقامگیر دەکەن لەداعش رزگارکراون(الياسري،2021،الصفحات271-272-273):- 1-ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی سەرجەم فەرمانگەودامودەزگاحکومیەکان،رەخساندنی هەلی کاربۆهاولاتیان.

2-نوژەنکردنەوەی ناوچەوێرانکراوەکان وگەراندنەوەی هەموو ماف وموڵك مالی هاولاتیان کەلێیان دزرابوو.

3-گەراندنەوەی ئەوکەسانەی لەکارەکانیان دورخراونەتەوە،وپاراستنی گەنجان لەتوندرەوی بۆ کۆتاییپێهێنان.

4-قەرەبوکردنەوە ئەوکەسانەی بەهۆی تاوانەتیرورستەکانەوە زیانیان بەرکەوتوە وچارەسەری بریندارەکان.

5-دەستپیکردنی هەلمەتی کۆمەلایەتی وبۆپێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان هەمولایەنەکانی شارە ئازادکراوەکان .

6-گرنگدان بەلایەنی پەروردەیی وچالاکردنی رۆلی پێشەنگانەی لەبونیادنانی کۆمەلگادا.

**7-پشتیوانی لەسەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری ودادگایکردنی تاوانباران،دامەزراندنی دەزگای ئاسایشی دوور لەتایفی وحزبی.**

**8-کارکردن بۆرەخساندنی هەلی گەرانەوەیان بۆناوچە رەسەنەکانیان وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان.**

**لەگەل ئەوەشدا ستراتیژیەتی عێراق لەبواری هەرێمی بۆدژایەتی تیرورئەوچوارچێوانەدەگرێتەوە(سعید،2021،صفحة 68):-1-ئالوگۆری زانیاری لەگەل وولاتانی دراوسی هەرێمی دەربارەی چالاکییەکانی وتاوانەبەکۆمەلەکان.**

**2-کارکردن لەسەرهاندانی ئالوگۆری شارەزایی زانستی وتەکنیکی وبەرنامەکانی فێرکاری وراهێنان لەبواری دژایەتی تیرور.**

**3-هاوکاری لەپەرەپێدانی توێژینەوە ودراسات،گرنگی بەچاودێری و شیکردنەوەی دیاری تیروربدات.**

**4-بەستنی رێکەوتنی کۆبونەوەی عێراق وولاتانی هەرێمایەتی لەدژایەتی تیرور،وزیادکردنی یارمەتیەئالوگۆرەکان لەنێوانیان.**

**دەتوانین بلین زۆربەی خەلکی عێراق قەناعەتیان بەوەهەیە ئەمریکا زۆر جدی نیە دەربارەی بابەتی داعش، لەبەرئەوەی ئەجندای تری لەعێراق وناوچەکە هەیە،لەبەرئەوە پشت بەوزەی عێراق دەبەستێت،لەپێش هەموویان هێزەچەکدارەکان وحەشدی شعبی وخۆبەخشەعەشایرەکان.لەلایەکی تر پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانی هەرێمی ونێودەولەتی بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش قورسە،لەگەل ئەوەشدا هەندێك لەوولاتان بەشداری لەهاوپەیمانی ئەمریکا دەکەن،لەهەمان کاتدا هەندێکی تر بەشاراوەیی پالپشتی تیرور دەکەن. لەریگەی لایەنگرەکانیانەوە،سەرەرای ئەوەی عێراق وولاتێکی فرەیە لەرووی نەتەوە وئاین ومەزهەبەوە.نەتەوەکانیش بریتین لەکوردوعەرەب وتورکمان وکلدوئاشوری. ئاینەکانیش بریتین لەموسلمان ومەسیحی وئیزدی.مەزهەبەکانیش بریتین لەسونەوشیعە.ئەوەش وادەکات بەردەوامبونی پشکی تائفی بەسەر پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا، هەرەشە لەبونیادنانی داهاتووی دەولەتی عێراق بکات لەرێگەی ئەو گەندەلەئیداری وسیاسی ودارایەی ئەوسیستەمە دروست دەبێت،وچەسپاندنی ئاژاوەوبەردەوامی پارچەپارچەبوونی دەولەتی عێراقی بەدواوەی بێت لەئاییندەدا.**

**پەیوەندیەکانی ئەمریکاوعیراق ئالۆزبون بەهۆی سەرهەلدانی خۆپیشاندانەناوەخۆیەکانی عێراق ودابەشبونی نێومالی شیعە وبریاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لەلایەن پەرلەمانەوە وکوشتنی قاسم سلیمانی وئەبومهدی مهندس لەلایەن ئەمریکاوە.لەگەل ئەوەشدا ئەمریکا بەرژەوەندیەکی زۆری ئابوری لەعێراقداهەیە.**

**دەرئەنجام:- لەم توێژینەوەیە گەیشتین بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:-**

**1-زۆربەی پارت وهێزەسیاسیەگەورەکان زۆرترین پشکی تایفیان پێوەدیاربوو، ئەوەش هاندەربوو بۆسەرهەڵدانی ململانێیە ناوەخۆیەکانی عێراق وشەری تایفی زۆربەیان وولائیان بۆ وولاتانی هەرێمایەتی عێراق هەبوو دوور لەهەستی نیشتمانی،رۆلیان هەبوو لەدوورخستنەوەی هێزەسیاسیەبچوکەکان ودەستگرتن بەسەر تەواوی دەسەلاتەکان.لەگەل ئەوەشدائەو وولاتانە ئەجنداتی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەوەش کاریگەری راستەخۆی کردەسەرسەقامگیری ئاسایشی عێراق.**

**2-لاوازی رۆلی ئەمریکا ودروستبوونی بۆشایی ئاسایشی لەعێراق بووەهۆی زۆربوونی دەستێوەردانەکانی هەرێمایەتی بەتایبەتی ئێران رۆلی هەبوو لەلاوازی سەقامگیری ئاسایشی.**

**3-ریکخراوی داعش دەرفەتیکی باشی رەخساند بۆ ئێران بۆسەپاندنی هەژموون بەسەر عێراق وخراپکردنی دۆخی ئاسایشەکەی بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی داعش بەسەر ناوچەسونەنیشنەکان،لەئەنجامدا هێزەدژەداعشەکان بوونە بەشێك لەخزمەتگوزاریەئاسایشەکان وزۆرێك لەسەرکردەکانیان چوونە هەلبژاردنەکانەوە، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر گۆرینی**

ئاراستەی سیاسەتی عێراق بەرەو ئێران،ئەوەش وایكرد ململانێیەكانی ئەمریكاوئێران لەگۆرەپانی عێراق رەنگبداتەوە، بەرپەچی یەكتر بدەنەوە.

4-سیاسەتی سەرۆكەكانی ئەمریكا بەرامبەر عێراق لەماوەی سالانی2011-2023هەندیكجار نەگۆر وهەندیكجار گۆرانیان پێوە دیاربوو،ئەوەی راستی بێت گۆرانێكی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیووە تەنها گۆران لەمیكانیزم وئامرازەكانەوە بووە. نەگۆرەكانیش بەزۆری خۆی لەشەری تیرۆروسەقامگیری ئاسایشی بۆعێراق و دابینكردنی وزەوپاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل دەبینێتەوە.سەبارەت بەگۆران لەسیاسەتەكانیان ئیدارەی ئۆباما پەیرەوی هێزی زیرەكی دەكرد وگرنگی بەهاوپەیمانەكان و بەرەوپێشبردنی سیستەمی نێودەولەتی دەدا.هەرچی ترامپ بوو هیزی نەرمی لەبەرچاونەگرت بەرامبەرنەیارەكان و هاوپەیمانەكانی زیاتر جەختی لەسەرسیاسەتی مامەلەگەرایی دەكردەوە لەسەربنەمای میكانیزمی هێزوبەرژەوەندی سیاسەتی خۆی دارشتبوو وەدژی سیاسەتی سەرۆكەكانی پێش خۆی بوو. سەبارەت بەسیاسەتی بایدن جەختی لەسەر كەمكردنەوەی هێزەكانی ئەمریكا لەعێراق دەكردەوە،گۆرینی چالاكیەكان بوو لەهێزی شەركەرەوە بۆهێزی راهێنەر وكەمكردنەوەی هەژموونی ئێران وهێنانەدەرەوەی عێراق لەچەنگی ئێران ئەویش بەبەستنی رێكەوتنێكی نوێی ئاسایشی لەگەل عێراق،بەهۆی ئەو ئەزموونەدوورودرێژەی هەیبوو لەعێراق، ئەوەش سەلماندنی ئەوەیەسیاسەتی بایدن زۆرجیاواز دەبێت لەگەل سەرۆكەكانی پێش خۆی.

5-كشانەوەی تەواوەتی ئەمریكا لەعێراق بۆشایەكی ئاسایشی گەورەدروست دەكات وشكۆی عێراق كەم دەكاتەوە لەبەرامبەر تیرۆریستان،رابردوو ئەوەی سەلماندووە،دەبێتەهۆی ترسان وتورەكردنی هاوپەیمانەكانی لەوانەش ئیسرائیل وسعودیە.

6-دیالۆگی ستراتیژی ئەمریكا لەگەل عیراق بۆ رێگریكردن بوو لەو دەستكەوتانەی لەشەری داعش بەدەست هاتوون، لەوبارەیەوە دەیەوێت فشار لەحكومەتی عیراق بكات هەژموونی میلیشاچەكدارەكانی نزیك لەئێران سنوردار بكات،ئەگەرنا بەتەواوی لەعێراق دەكشێتەوە،وەك ئاشكرایە كشانەوەی تەواوەتی، هەمان سیناریۆی ئەفغانستان لەعیراق دووبارەبێتەوە، دۆخەكە بەرەو ئالۆزی بیات وشەری ناوەخۆیی و تایفی دووبارە لەعیراق سەرهەلبداتەوە.

7-گۆرەپانی عیراق بەكۆمەلێك فاكتەرودۆخدا تیپەردەبێت لەوانە داگیركردنی عێراق لەلایەن ئەمریكاوە وبلاوبونەوەی میلیشاچەكدارەكان لەدەرەوەی چوارچێوەی حكومەت ونەبوونی متمانە لەنێوان پێكهاتە سیاسیەكانی بەشداربوو لەپرۆسەی سیاسی عێراق وگەندەلی دارایی وئیداری لەناو دامودەزگاكانی حكومەتدا ونەبوونی متمانە بەهێزە ئاسایشەكانی عێراق لەلایەن جەماوەرەوە. لەگەل ئەوەشدا لایەنەكان جدی نین لەوازهێنان لەدلسۆزی تایفی و رووكردنە بەرنامەیەكی نیشتمانی .

8-ئامانجی ئەمریكا ئەوەیە دەیەوێت عێراقیك جێبهێلێت كێشەی هەرێمی ونێودەولەتی بۆئەمریكا دروست نەكات لەناوچەكەدا،سەقامگیریەكەی بەردەوام بێت.

9- زۆربەی هاولاتیانی عێراق قەناعەتیان بەوەهەیە ئەمریكا ئەجنداتی تری هەیە لەعێراق وناوچەكەدا،بۆ پێكهێنانی بەرەیەكی فراوانی هەرێمی بۆ بەرەنگاربوونی تیرور ونەیارەكانی .

10-ئایندەی ئاسۆی عێراق بەرەو ئەوەدەروات ئەگەر دۆخی سەقامگیری ئاسایشی چاك نەكرێت عیراق بەرەو شەری ناوەخۆی وتایفی و هەلوەشانەوە دەروات وهەریەك لە وولاتانی هەرێمی بەشێك لەوكێكە بۆ خۆی دەبات.

**لیستی سەرچاوەکان:**


**سەرچاوە کوردیەکان:**

**پەرتوك:**

**1-رۆژە عبدالله شريف، رەهەندە كۆمەلایەتیەکانی ناسەقامگیری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا،دەزگای ئاراس،هەولیر، 2008.**

**2-سامان سۆرانی،شرۆڤەولیکدانەوەی سیاسی، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر،2021.**

**گۆڤار:محمدحسین،سەچاوە دارایەکانی حزب لەعیراق،ناوەندی کوردستان بۆتویژینەوە،سلێمانی،زنجیره(77)، 2020.**

**نامەوتیزە ئەکادیمیەکان:-**

**1-غانم كريم محمد،سیاسەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ بەریوەبردن تەنگژەکانی عیراق(2003-2018)،نامەی ماستەر،کولیژی زانستە سیاسیەکان-زانکوی سەلاحەدین،هەولێر،2020.**

**2-نەجات علی سالح،ستراتیژی ئاسایش نەتەوەیی ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لەرۆژهەلاتی ناوەراست پاش2001،تێزی دکتورا،کۆلیژی زانستەسیاسیەکان-زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،2020.**

**3-هێمانیازی حمد،پراگماتیزم لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی ئوباماوترامپ،نامەی ماستەر،کۆلیژی زانستە سیاسیەکان- زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،2021.**

**سایتەئەلکترونیەکان:-**

**1-پەرویز رحیم،ئایا دونالد ترامپ دوکتۆرینی هەیە؟،بلاوکراوەتەوەلەسایتی پینوس،26-5- 2017 لەم لینکەی خوارەوە:**http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/426-2018-09-02-18-56-38**رۆژی سەردانیکردن:4-4-2023**

**2-پەرویز رحیم،ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا،بلاوکراوەتەوە لەسایتی پینوس، 4-2-2018 لەم لینکەی خوارەوە:**http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1161-2018-09-02-18-56-38

**رۆژی سەردانیکردن:25-3-2023**

**3-چنار بابەکر محمدd،سیاسەتی نویی ئەمریکا لەناوچەکە، بلاوکراوەتەوەلەسایتی پینوس، 22-8-2022 لەم لینکەی خوارەوە:**

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/2004-2022-08-22-17-15-03

**رۆژی سەردانیکردن:2-3-2023**

**4-چناربابەکرمحمدd،سیاسەتی ئەمریکا لەهەمبەرهەلویستی سەدر لەکشانەوەی لەپەرلەمان وپیکهینانی حوکمەت لەلایەن چوارچیوەی هەماهەنگیەوە، بلاوکراوەتەوەلەسایتی پینوس،14-7-2022 لەم لینکەی خوارەوە:**

**http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12   رۆژی سەردانیکردن: 4-3-2023**

**5-چناربابەکرمحمدd،ئاماژەولیکەوتەکانی سیاسەتی نویی ئەمریکالەعیراق وهەریمی کوردستان،بلاوکراوەتەوەلەسایتی پینوس، 21-9-2022 لەم لینکەی خوارەوە:**http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/2017-2022-09-21-20-16-53**رۆژی سەردانیکردن:4-3-2023**

**6-سەردارقادر،هەلویستی ئەمریکاوکومەلگەی نیودەولەتی لەپیکهینانی حوکمەتی نوێی عیراقی سالی2021، بلاوکراوەتەوەلەسایتی پینوس،2-11-2021 لەم لینکەی خوارەوە:**

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12**ڕۆژی سەردانیکردن: 2-2-3023**

**7-سەردارقادر،ئەودەمەی لەگەمەیەکی نارۆشندا لەگەل یاریزانیکی یاخیبوودا وازی دەکەیت، بلاوکراوەتەوەلەسایتی پینوس، 24-2-2022 لەم لینکەی خوارەوە:**

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12 **ڕۆژی سەردانیکردن:29-12-2022**

**8-فرهادحسن عبدالله،تاکتیکی جەنگی گروپەتیروریستەکان،بلاوکراوەتەوە لەسایتی ناوەندی کوردستان بۆتویژینەوە،سلێمانی،2022 لەم لینکەی خوارەوە:**

**https://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1712ڕۆژی سەردانیکردن:17-3-2023**

**9-فرهادحسن عبداله،لیکەوتەکانی کشانەوەی ئەمریکا لەسەرهەریمی کوردستان، بلاوکراوەتەوەلەسایتی ناوەندی کوردستتان بۆ تویژینەوە، 16-9-2021 لەم لینکەی خوارەوە:**

**https://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1686ڕۆژی سەردانیکردن:17-3-2023**

**10-نوزادهیتوتی،بۆچی بایدن سەردانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی کرد؟ بلاوکراوەتەوەلەسایتی پینوس، 2-7-2022 لەم لینکەی خوارەوە:**http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1991-2022-07-22-09-54-25

**ڕۆژی سەردانیکردن:1-2-2023**

**11-نوزادهیتوتی،بایدن وترەمپ:جیاوازیەکانیان لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بلاوکراوەتەوەلەسایتی زەمەن،28-10- 2020 لەم لینکەی خوارەوە:**https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3171

**ڕۆژی سەردانیکردن:15-3-2023**

**12-یاسین عزەم،هەولەکان ئیسرائیل دژی زیندوکردنەوەی ریکەوتنامەی ناوەکی نیوان ئیران وئەمریکا، بلاوکراوەتەوەلەسایتی ناوەندی کوردستان بۆتویژینەوە،سلێمانی،2022 لەم لینکەی خوارەوە:**

**https://www.kurdistanc.com/Terror/details.aspx?jimare=3423ڕۆژی سەردانیکردن:6-4-2023**

**سەرچاوەعەرەبیەکان:**

**پەرتوك:**

**1-ابراهیم جعفری،تجربه حکم،مرکز دراسات المشرق،بیروت، 2008.**

**2-جعفرعلوان كاظم،عدم الاستقرار السياسي وأثره في الاداء الحكومي في العراق2003-2014،مركز العراق للدراسات، بغداد،2018.**

**3-حسن سعدعبدالحميد،السياسات العامة لمكافحةالارهاب في العراق بعدعام2003،ط1،المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية-المانيا،2017.**

**4-حسن لطيف الزبيدى،العراق والبحث عن المسقبل،مطبعة جاردينيا، بيروت،.2008**

**5-حسين توفيق ابراهيم،مسقبل النظام السياسي والدولة في العراق وانعكاساته على الامن والاستقرار في الخليج،ط1، مركز الخليج للابحاث،دبي، .2004**

**6-ريبوار بابكةيى،دور الصراع السعودي-الايراني،مكتبة التفسير،اربيل،2023.**

7-وسام حسين على العيثاوى،التحديث والاستقرارفي النظام السياسي العراقي بعدعام2003،المركزالعربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية،برلين، 2018 .

8-ياسين محمودجوماني،الدبلوماسية الموازنةبين النظريةوالتطبيق،مكتبةالتفسير،اربيل،2022.

**نامەو تيزەكان:-**

1-اراس قادر محيدين،العنف فى العراق بعد2003،رسالةماجستير،جامعةالسليمانية-كليةالعلوم-السياسية ،سليمانيه،2011.

2-انتصارمرنيز،دور البعد الثقافي في توجيه السياسة الخارجية الايرانية تجاه منطقة المشرق العربي بعد الحرب،رسالة ماجستير،كلية الحقوق والعلوم السياسية-جامعة محمد بوضياف2016-.2017

3-برجس حباس السرحان،اثر المتغيرات الاقليمية والدولية على الاستقرارالسياسى في المملكة العربية السعودية (2011-2017)، اطروحة دكتوراه،جامعة موتة،2017.

4-بن واضح فارس،النفوذ الايراني في العراق وتداعياتة على الاستقرارالسياسي والامني2003-2018،رسالة ماجستير،جامعة محمد بوضياف بالمسيلة،2019.

5-جاسم محمد دايش،التعاقب على السلطة وعدم الاستقرارالسياسي في العراق:رسالة ماجستير،كلية العلوم السياسية-جامعة النهرين.

6-جوناصبحي جميل،ظاهرة الاستقرار واللاستقرار السياسي (دراسة في حالة العراقية بعد2003)رسالةماجستير،كلية الحقوق والعلوم السياسية-قسم العلوم السياسية-جامعة صلاح الدين،2013.

7-فاطمة سعدون عبدالزهرة، الارهاب الدولي والسيادة الوطنية العراق انموذجا،رسالة ماجستير،كلية العلوم السياسية، جامعة النهرين، .2016

8-كوثرحسن غازى الياسري،عملية صنع القرار السياسي في العراق،دراسة في قرار القرار الحرب على الارهاب بعدعام 2014،اطروحة دكتوراه،جامعة النهرين،.2021

9-لافامهندياسين،الاتفاقيات الامنيةالدولية ودورهافي تحقيق الامن للدولة،رسالةماجستير،كلية العلوم السياسية-جامعة صلاح الدين،2020.

10-معين عبدالعزيزابوشريعة،التدخل الايراني في الازمة السورية واثره على نفوذها في المنطقة العربية 2004-2017،رسالة ماجستير،كلية الاداب والعلوم-جامعة الازهر-غزة،2017.

**گۆڤار:-**

1-احمدفكاك البدراني،الارهاب وتحدي الامن الوطني العراقي بعد احداث الموصل2014،مجلة جيل حقوق الانسان، كلية العلوم السياسية،جامعة الموصل،العدد23 ،2017.

2-جوناصبحي جميل،عدم الاستقرار السياسي في العراق:دراسة في اثر الطائفية بعدعام2003،گۆڤارى زانكۆ بۆ ياساوراميارى،سالى نۆزدەهەم،ژمارە(30)حوزيرانى2021،هەولێر

3-دنياجواد، الارهاب في العراق، دراسة الاسباب الحقيقية،مجلة العلوم السياسية،جامعة بغداد،العدد43، 2011.

4-زياديوسف حمدوفنر عمادخليل،احتلال تنظيم داعش لمدينة الموصل وتداعياته على الامن الوطني العراقي،مجلة قضايا سياسية،كلية العلوم السياسية،جامعة النهرين،العدد55، .2018

5-طه محمدسعيد،التعاون السياسى الامني بين العراق،سوريا،ايران لمكافحةالارهاب،مركزالدراسات الاستراتيجية والدولية،المجلد20 عدد85،بغداد،2021.

6-عامرهاشم عداد،ادارة الازمات في السياسة الخارجية الامريكية مابين ادارتي اوباماوترامب،مركزالدراسات الاستراتيجية والدولية،المجلد20عدد85،بغداد،2021.

7-عبدالعزيزالظاهر،النفوذ الايراني في العراق، مجلة البيان،العدد364، 2017/8/23.

8--على عبدالكريم حسين، اشكالية عدم الاستقرار السياسى بعدعام2003،مجلة كلية التربية-جامعة واسط، الجزء الرابع العدد41تشرين الثاني 2020.

9-مازن قاسم مهلهل،التطرف واثره على الاستقرار السياسي في العراق،مركزالدراسات الاستراتيجية والدولية-جامعة بغداد،المجلد20،العدد85،نيسان2021

10-مثنى فائق مرعي وعبدالعليم فاضل وادي،العلاقات الروسية-التركية والتحالفات الدولية الراهنة في الشرق الاوسط دراسة في التاثير والتاثر،مجلة تكريت للعلوم السياسية،العدد11، .2017

11-مصطفى ابراهيم سلمان وضاري سرحان حمادي،استراتيجية التحالف الدولي لمكافحة الارهاب في العراق،مجلةمركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية جامعة المستنصرية،المجلد61،العدد61، .2018

12-مصطفى علوي،الحرب على داعش،تفاعلات اقليمية ودولية، مجلة السياسة الدولية-القاهرة،العدد199، 2015.

13- نادية عباس هادى،الموقف العراقى من الازمة السورية بعدعام2011، مركزالدراسات الاستراتيجية والدولية-جامعة بغداد،المجلد20،العدد85،نيسان2021

14-وليدحسن محمد،الحرب العالمية على الارهاب:التدخل الدولي في العراق انموذجا،مجلة السياسةوالدولية،جامعة المستنصرية،العدد33-34، 2016.

16-ياسرعلى ابراهيم،السياسة العامة في العراق دراسة في المعوقات التشريعية،مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية،مجلةدراسات دولية،العدد61 ،جامعة بغداد،2015.

17-يثرب خطاب منديل،ظاهرة العنف والارهاب الاسباب والحلول الفكرية في الخطاب السياسي العراقي،مركزالدراسات الاستراتيجية والدولية،المجلد20 عدد85،بغداد،2021.

سایتەئەلکترونیەکان:

-القمةالامريكية-العراقية،مركزالعرابي لابحاث ودراسة السياسات، هل تحقق اعادة تعريف دور القوات الامريكية في العراق اغراضها،قطر،5-اب-2021.Position Assessment - Iraqi Center for Strategic Studies (iraqicss.org)

سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1-Chenar Babaker Mohammed, The Impact of the Trump Doctrine on U.S. foreign policy toward Iraq2020.

2-Chenar Babaker Mohammed, The Impact of the Trump Doctrine on U.S. Foreign Policy toward Iraq and Syria,the degree of Doctor of Philosophyin political science and International Relations-the Faculty of Law, Political Science and Management, Soran University,2021

**3-crispin smith, independent with out independence, the Iraqi -kurdish peshmarga in international law, Harvard international law journal , vol.59no.1, winter2018.**

**4-DANIEL L. BYMAN, Regional Consequences of Internal Turmoil in Iraq, Published by: Syracuse University Press. 2011.**

**5-Kathleen j. mclnnis. coalition contributions to coutering the Islamic state, report for congress Washington: congressional research service . no. r44135.2016**

**6-Nawzad abdulla shukre . Explaining U.S. foreign policy towards Kurdistan Region of Iraq(2003-2015 University of Leicester 2017**

**7-OBAMA, BARACK, The National Security Strategy of the United States (Washington, DC: The White House, 2010.**

# تاثير العلاقات الامريكية-العراقية على الاسقرار الامني في العراق خلال سنوات (2011-2023)

م. م. عمر على رشيد
كلية العلوم السياسيه / جامعة
omar.rashid@su.edu.krd

ا.م. د.چواس حسن رسول
برلمان إقليم كردستان
chwas2002@gimal.com

ملخص

تؤكد السياسة الأمريكية في العراق على الاستقرار ومحاولة السيطرة على الصراعات الداخلية القائمة وذلك في سبيل إنقاذ العراق من الانقسام ومنع التدخل الإقليمي حيث تحاول إيران توسيع هيمنتها في المنطقة والعراق أصبح اليوم ساحة لعملياتها. السعودية التي هي واحدة من أقرب حلفاء الولايات المتحدة ، تأثرت بالوضع في المنطقة الى حد بعيد.

كانت السياسة الأمريكية خلال الرئاسات الثلاث خلال الفترة 2011-2023 هي دعم عراق ديمقراطي ومستقر وموحد وثيق الصلة بالدول الإقليمية المتحالفة مع الولايات المتحدة.

خلق الانسحاب الأمريكي في عام2011 فراغًا أمنيًا أدى إلى بروز تنظيم الدولة الإسلامية (داعش)، الأمر الذي أعطى إيران فرصة توسيع هيمنتها في المنطقة والعراق، وقد نجم عن ذلك لاحقا مقتل قاسم سليماني وأبو مهدي المهندس وبالتالي قررت الكيانات المقربة من ايرات المطالبة بسحب القوات الأمريكية عن طريق مجلس النواب العراقي مما زاد من تأجيج الصراع الأمريكي الإيراني.

لقد واجهت الولايات المتحدة عددًا من العقبات، بما في ذلك دخول الميليشيات المسلحة الموالية لإيران للعملية السياسية العراقية وانتشار الفساد و انعدام الثقة بين الجمهور وقوات الأمن في الماضي وأخيرا ارساخ الولاء للطائفة والجزب بدلا من الولاء لبرنامج وطني.

إن ما تسعى اليه الولايات المتحدة هو ترك عراق بعيد عم خلق مشاكل إقليمية ودولية للولايات المتحدة وذلك بغية الحفاظ على الاستقرار في المنطقة لأن مستقبل العراق يعتمد على الاستقرار الأمني. الى أن يتم اصلاح الوضع الحالي، فإن الحرب الاهلية والطائفية وازدياد حدة وتيرة الصراعات الداخلية تكون محتملة الوقوع والتي قد تؤدي مجتمعة في نهاية المطاف الى تقسيم هذا البلد.

الكلمات المفتاحية: الاستقرار السياسي, الحرب الطائفية، الصراع السياسي، العلاقات الدولية، تدخل

# The impact of U.S.A.-Iraqi relations on security stability in Iraq (2011-2023)

**Chwais Hassan rasool**
**Legal advisor in the Kurdistan Parliament**
**chwas2002@gimal.com**

**Omar Ali Rashid**
**Collage of Political sciences / University of Salahaddin -Erbil**
**omar.rashid@su.edu.krd**

**Abstract**

**The American foreign policy in Iraq emphasizes the stability of Iraq. The U.S. attempts to control the internal conflicts within Iraq so Iraq is not divided. In addition, the U.S. tries to prevent the regional actors from intervening in Iraq and implement their agendas on the broader region. Iran is an actor that is trying to expand its influence in the area, and Iraq has become a theater for Iran to implement its policies and carry out its operations. The Iranian encroachment in Iraq has affected the countries in the region, especially Saudi Arabia, an American ally. Under the last three administrations, the U.S. policy from 2011 to 2023 has strengthened a democratic, stable, and united Iraq. The U.S. wants Iraq to be close and friendly towards its allies in the region.**

**The U.S. withdrawal from Iraq in 2011 created a huge security vacuum which led to the creation and growth of the ISIS terror organization in the country. Iran seized the opportunity to increase its influence inside Iraq. The Iranian growing influence and Shia militia attacks on U.S. forces made the U.S. react by killing the Iranian general Qassim Soleimani at Baghdad airport. In reaction to Qassim Soleimani's death, the Iraqi parties aligned with Iraq voted in the parliament to oust the U.S. forces in Iraq. This increased the challenges for the U.S., including entering militia forces into the political system, growing corruption, and loss of public trust in military forces. In addition, the parties became more sectarian, and their allegiance was more toward the sect than the nation.**

**The goal of the U.S. is to leave Iraq once it's sure that Iraq won't cause regional and international issues for the U.S. in the future and has long-term stability. Until the unstable situation in Iraq is not resolved, Iraq might move toward civil war. Iraq was formed based on the international agreements among great powers; its disintegration resulted from internal conflicts.**

**Keywords.**
**Political stability, sectarian war, political conflict, international relations, interference.**